بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقیعەت

گفتوگۆی ئەنتەرناسیونال لەگەڵ مەنسور حیکمەت...ل11

بەشی شەشەم

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


ساڵی هەشتەم ژمارە (175) بەرواری 15–9–2024

## وتەی ژمارە

# ئامانج لە سەردانەکەی پزیشکیان بۆ عێراق و هەرێم

لەچەند رۆژی رابردوودا مەسعود پزیشکیان، یەکەم سەردانی بەوێنەی سەرۆک ئێران بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجامدا.

دیارە چ عێراق و چ هەرێمی کوردستان بۆ دەوڵەتی ئێران، هێندەی لە ئوستانێکی ئێران دەچن، هێندە لە دەوڵەت و هەرێمێکی سەربەخۆ ناچن، بەتایبەتی لە باری شێوەی دەسەڵات و هەژموونی سیاسیدا.



سەردانی پزیشکیان بۆ عێراق وەکو یەکەم ویستگەی بۆ ئابدەیت کردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا، بەو مەبەستەیە کە عیراق وەکو ئەلگۆی کۆپی حوکومڕانی ئێرانی، یەک دەستتر بکاتەوە و ئەم کۆسپ و لە مپەرانە لابدات کە هێشتا ڕێگرن لەوەی وەکو قوتبێک لە ناوچەکەدا خۆیان نیشان بدەن.
دیارە ئامانجەکانی پزیشکیان لەم سەردانەیدا زۆر و هەمە لایەنن، بەڵام پرسی ئەمنی و ئابوری دوو پرسی بناغەیی سەردانەکەن.

بۆ ئێران پرسی ئەمنی لە عێراقدا، مەسەلەیەکی سەرەکییە، ئەم پرسە نەک تەنها بەمانای ئەمنیەتی سنورەکان، بەڵکو بەمانای ئەمنیەتی ناوخۆیی لە عێراقدا. ئارامی و ئاسایشی سیاسی لە عیراقدا، خواستی لە مێژینەی ئێرانە بەدوای کەوتنی رژێمی بەعسەوە. ئێران کە هەژمووی سیاسی باڵای بەسەر عیراق و بریاری سیاسی و ئەمنی و یاسایی و تەنانەت سەربازییدا هەیە، هەر بۆشاییەکی ئەمنی و نائارامییەکی سیاسی گورز لە پێگەو باڵادەستیەکەی دەدات، بۆیە مەسەلەی پاراستنی هەلومەرجی ئەمنی و زاڵ بوونی ئارامیەکی سیاسی کە لە خەم برەخسێت و ترسی دارمانی نەبێت، ئامانجێکی سەرەکی ئێران و سەردانەکەی پزیشکیانە. بە هەر ئەندازە عێراق ئارام بێت و لە پشێوی سیاسی بەدوور بێت، بەسودی ئێرانە.

لەو نێوەدا هەوڵی ئێران بە لێک نزیکردنەوەی ناو ماڵی "شیعە" و رەواندنەوەی گرژی باڵەکانی ناو ئیسلامی سیاسی شیعی، بە رێگایەک دەزانێت بۆ بەرگرتن بە لێکترازانی سیاسی و دەروازیەک بۆ وەستانەوە بەرووی باڵی بۆ لاپەڕە 2

## لە دووەمین ساڵیادی ڕاپەڕین و بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی ئێراندا، خواستی روخاندنی رژێم زیندووە!



ئەم رۆژانە دووەمین ساڵیادی ڕاپەڕین و بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی ستەم لێچووی ئێرانە. دووەمین ساڵیادی بزوتنەوەیەکی شۆرشگێرانەیە، کە لە درێژەی بزوتنەوەی نارەزایەتی کرێکاری و جەماوەری چوار دەهەی رابردوودا، هاتە مەیدان. کوشتنی ژینا ئەمینی لەلایەن بۆ لاپەڕە 3

## هێرش بۆ سەردەزگاو بینایەی چاودێر و گەلاوێژ و پاساوی گەمژانە!!

دوای هیرشی هێزەکانی کۆماندۆی یەکێتی بۆسەر بارەگای چاودێر و سەندنەوەی لەلایەن هیزی کوڕانی تاڵەبانی گێرانەوەی بۆ ژێر سایەی دەسەڵاتی حزب، کاردانەوەیەکی زۆر لەلایەن خەڵکی ئازادیخوازو نووسەر و کەسایەتی سیاسی و لایەنگرانی ئازادی سیاسی... سەرئەنجام میدیای یەکێتی و بافڵ و قوباد تاڵەبانی رایان بۆ لاپەڕە 3



## کەمپەینی بۆپێشەوە

بەدژی یاسای هەمواری باری کەسێیتی و بەیاساییکردنی دەستدریژی سێکسی بۆ سەر منالاّن...

دەیان ژن و پیاوی یەکسانیخواز و بەرگریکار لە مافی ژنان و منالاّن، بۆ بۆپێشەوە دەدوێن... لاپەڕە 6-5

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- بەبۆنەی دووەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی"ژن، ژیان، ئازادی" لە ئێران............................ل4
- وەڵامێك لە ئەنجومەنی مامۆستایانی نارِازیەوە بۆ جێگری بەرِێوەبەری گشتی...........ل4
- هەمواری پێشنیار کراو بۆ یاسای باری کەسێتی عێراقی.....................................ل6
- خۆشباوەری بە هەڵبژاردن...تاکتیکەکان و بازنەکانی هەڵبژاردن.........................ل10
- هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا نموونەی ڕیسوایی دیموکراسی بۆرژوازییە......................ل12




## دۆسیەی ژمارە "سەبارەت بەهەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان"

هاوڕێ خدر سۆفیانی وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە ل13

پرسی ڕۆژ ل6_5
کۆشەی ئەدەب و هونەر ل9_8

## درێژەی وتەی ژمارە

سونەی سیاسی و دوبارە گەرانەوەی هەژموونی ناسیونالیزمی عەرەب بۆ عێراقێک کە هەمیشە خۆی بەبەشیک لە دنیای عەرەب زانیووە. پێداگری پزیشکیان لەسەر ئەوەی کە پێویستە سنورەکان لە نێوان وڵاتانی ئیسلامیدا هەڵبگیرێت، هەوڵێکە بەو ئاراستەیەدا کە رەنگ و بۆی ناسیونالیستی عەرەبی بخاتە ژێر هەژموونی دینی و عێراق هێندەی خۆی بە وڵاتێکی دینی پێناسەبکات، هێندە بەدوای ناسنامە ناسیونالیستیەکەیدا نەروات، یان لانی کەم ئەوە جیگر بکات کە عێراق لەگەڵ ئەوەدا بەشیکە لەجیهانی عەرەبی، هاوکات بەشکێشە لە وڵاتێک لە جیهانی ئیسلامی و لەو نیوەشدا هیلالی شیعی. جیا لەوانە بۆ ئیران گرنگە دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا باڵانسێک رابگرێت و پیگەی هیزەکانی سەر با ناسیونالیزمی عەرەب لە بەرچاو بگرێت و نەبێتە فاکتەرێک بۆ وەستانەوە بەرووی دەسەڵاتی ئیستادا. عێراق تا ئەو کاتە دەتوانێت بەم ئەلگۆیەی ئیستاوە کە زامنی باڵادەستی ئیرانی بەسەر عێراقدا کردووە، جێگایەکی گرنگ بێت، کە پشێوی سیاسی نەبێتەوە بە واقعیەتی سیاسی بەتایبەتی پشێوی زبر و گەرم. هەروەها کۆکردنەوەو یەکخستنی هیزە چەکدارەکانی عیراق و میلیشیاکانی "بەرەی بەرگری" سفرکردنەوەی ناکۆکی نیوان و ئامادەکردنیان وەکو هیزێکی هەمیشە ئامادەی نیابەتی بۆ جێ بەجێکردنی راسپاردەکانی ئیران لە ململانێ ناوخۆیی دەسەڵات لە عێراق و هاوکات لە کیبەرکێ ناوچەییەکاندا بەتایبەتی بەرووی ئیسرائیلدا، بۆ ئێران گرنگیەکی تایبەتی هەیە... ئەم هێزە نیابەتیانە هیز گەلێکن کە لە دەرگای پشتەوە و داڵانەکانی ململانێی سەرەکی ئیران لە ناوچەکە رۆڵی کارا دەگێرن

جیا لەوانە باڵادەستی عیراق و چوونە سەری توانایی ئەمنی چ بۆ پاراستنی دەسەڵات و چ بۆ رووبەرووبونەوەی ئەو درز و کەلێنانەی ماون بۆ رووبوونەوە لەگەڵ هیز گەلی دەرەکی و یان هیزی وەکو داعش و...تاد. ئەو بوارە بە عیراق دەدات کە پرسی چوونە دەرەوەی هیزەکانی ئەمریکا خێراتر بکات و ئەو پاساوە لەدەست ئەو هیز و لایەنانە دەربهێنێت، کە بە پاساوی بێ توانای عیراق بۆ بەرگری لەخۆی پشتیوانی لە مانەوەی هیزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، دەکەن. هەروەها ئیران دەیەوێت هیزەکانی عێراق ئەو تواناییە پەیدا بکەن کە بەچوونە دەرەوەی هیزەکانی ئەمریکا، ئەمنیەتی دەسەڵات لە عێراقدا زامن بکات. هەموو ئەوانە کە پەیوەندیان بە پرسی ئەمنیەوە هەیە، یەکێک لە ئامانجە هەرە سەرەکیەکانی سەردانەکەی پزیشکیانە بۆ عێراق.

پرسی ئابوری ئامانجێکی تری سەردانەکەی سەرۆک کۆماری ئیرانە. دۆخی ئابوری ئیران لەوپەری خراپیدایە، تمەن لە دۆخی دارمانێکی سەرسوڕهینەر دایە، گرانی سەرسورهینەر، بیکاری، نەبوونی یەخەگیری جەماوەرێکی ملیۆنی ئیرانە... ئەم دۆخە وای کردووە نارەزایەتی کریکاریی و جەماوەری بێ پشوو بەردەوام بێت و ناوە ناوەش شەپۆلی ئەم نارەزایەتییە لە بزوتنەوەی گەورەی شۆرشگێرانە و راپەرینی لێرەو لەویدا خۆی نیشان بدات، بزوتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" دەرهاویشتەی ئەم واقعیەتەیە.

جیا لە دۆخی ئابوری ناوخۆیی... ئیران لە ژێر ئابلۆقەیەکی هەمەلایەنەی ئەمریکا و غەربدایەو دەروازەکانی لە زەمینەی ئابوریدا بەرووودا داخراوە، لە هەلومەرجێکی ئاوادا عێراق، دەروازیەکی یەکجار گرنگە هەم بەرووی دنیای عەرەبی و دەرەوە و ناوچەکەو هەم بەرووی وەبەرهینانی ئیران لە عێراقدا، تا ئەو رادەیەی کە دەتوانێت زۆرێک لە گوشارەکان و کاریگەری ئابلۆقەی ئابورری لەسەر خۆی کەم بکاتەوە... بۆیە پرسی ئابوری و کەڵک وەرگرتنی ئیران لە بازاری عێراق بۆ ساغ کردنەوەی کاڵاکانی تا دەگات پرۆژەی هاوبەشی ئابوری لە چەشنی ڕیگای بازرگانی و پیشەسازی و نەوت و غاز... مەسەلەی میحوەرین، پزیشکیان لەم سەردانەیدا پرسی ئابوری جێگای گرنگی هەیە بۆی. جیا لەوانە ئیران بە ئامادەیی لە پرسی ئابوری و وەبەرهێناندا لە عێراق، دەیەوێت لە بەرامبەر بە تورکیادا، جێگایەکی گرنگ پەیدا بکات و ڕیگە لەوە بگرێت تورکیا پاوانی بازاری ئابوری عیراق بکات.

تا ئەو جێگایەی بەسەردانی هەرێمی کوردستان و هەردوو زۆنی هەرێم دەگەرێتەوە، بۆ پزیشکیان هەر دوو زۆنەکە هێشتا گرنگی تایبەتیان لە دۆخی عێراق و ناوچەکەدا هەیە بۆ ئیران. سەردانی هەر دوو زۆنەکەو راگەیاندنی ئەوەی کە هەرێم دوو ناوەندی هەیە، داننانە بە دوو دەسەڵات و دوو زۆنی لێک دابڕاوی هەرێمدا، کە بەسودی ئیران و عێراقی دەزانێت، هەرێم دابەشی دوو دەسەڵات و دوو زۆن بێت، چونکە لەلایەکەوە دەرفەتی زاڵ بوون و ملکەچ کردنی دەسەڵاتی زۆنەکان، ئاسانتر دەبێت تا هەرێمێک و دەسەڵاتێکی هاوبەش و سەراسەری، لەلایەکی تریشەوە کەڵک وەگرتن و بەهرەبەرداری لە ململانێی هەردوو دەسەڵات و دوو زۆنەکەدا بە سودی خۆی بەکار دەهینێت.

لە ئێستادا کە دەسەڵاتی هەردوو زۆن و هەرێم بەگشتی لە بەرامبەر بەغدادا لاواز و هەردوو دۆسیەی گرنگی ئابوری و بریاری سیاسیان لەدەست دەرهێنراوە، هەر دوو دەسەڵاتەکە بەو ئەندازەیە لە بەرامبەر بەغدادا لاواز و خەریکی پارانەوەن بۆ دابەشکردنی موچە و نوێنەرایەتی کردنی بەغدا لە هەرێمدا، لەوەش زیاتر لە بەرامبەر بە وڵاتانی ناوچەکەو بەتایبەتیش ئیراندا لاوازن. ئیران هەمیشە دەتوانێت باڵانسی نیوانیان بگۆرێت و بەو جۆرەی دەیەوێت بەکاریان بهێنێت... بەتایبەتی کە یەکێتی لەبازنە و جەمسەی خۆیدایە. ئەو پیشوازییەی لە پزیشکیانیان کرد لە رازاندنەوەی شەقامەکان و هەڵواسینی پۆستەرەکان و دروشمی زەلیلی بۆ ئیران...تاد، وە پێداگری دەسەڵاتی هەردوو زۆن لەسەر گرنگی میژووی بوونی سەردانەکەی پزیشکیان و چەند بارەکردنەوەی ئامادەییان بۆ پاراستنی سنورەکان و ڕیگەگرتن لەوەی هەرێم بۆ هیرش بۆ سەر ئیران کەڵکی لێوەر بگیرێت، هێندەی کێ بەرکێی پارتی و یەکێتی بۆ خزمەت بە ئیران نیشاندا، هێندە سەردانەکە و پرسەکانی تر جێگایەکیان نەبوو... ئەوە لە کاتێکدایە ئەوە ئیرانە هێرش دەکاتە سەر هەرێم و سەر هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی نەک بە پێچەوانەوەو ئەم هیرشانەش پیشێلکردنی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی هەرێمە. ئەوەی دەبوو بپارێزێ هەرێمە لەدەست هیرش و ملهوری ئیران و وڵاتانی ناوچەکە، نەک باسی پاراستنی ئیران لە هیرشی هیزە ئۆپۆزیسیۆنەکان. بەتایبەتیش کە هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی نەک هەر پابەندی ڕیکەوتنامەی ئەمنی بەغدا و ئیران و دەسەڵاتی هەرێم بوون، بەڵکو نایشارنەوە کە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم دەپارێزن و بەهی خۆیانی دەزانن و کارێک ناکەن نیگەرانی بۆ دەسەڵاتی هەرێم دروست ببێت. کەچی دیسان ئەوە پارتی و یەکێتین کە نەخشەکانی ڕیکەوتنی ئەمنی جێبەجێ دەکەن و دەیانەوێت لە هێز و هەلسوراوی سیاسییەوە بیانکەن بە پەنابەری کۆنترۆڵکراو و مۆڵکراو لە جێگایەکدا، کە هیچ ئارامی و ئاسایشێکیان بۆ ناهێڵێتەوە.

پزیشکیان، لەم سەردانەیدا مەبەستی بوو، سەران و بەرپرسانی هەر دوو زۆنەکە قورمیش بکات، کە هەموو جوڵەیەکی سیاسی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی ببڕن و لەوەش زیاتر لە چەکیان دابماڵن و لە کاراکتەری سیاسی و حزبییەوە بیانکەن بە پەنابەری زوڵملێکراوی جێگای بەزەیی.

ئەوەی زۆر پیداگری لەسەر دەکرا لەلایەن سەرانی هەردوو زۆنەکە، پەیوەندی میژووی هەرێم و ئیران بوو. کە دیارە پەیوەندی هەرێم و رژێمی ئیران... پەیوەندی نێوان هیزە سیاسیەکانی بۆرژوازی کوردە بەدەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی و لەوەش زیاتر خۆشخزمەتی و نۆکەر سفەتی. ئەگەر نا خەڵکی کوردستان چۆن دژی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانە و مافیایی هەرێمن، بەهەمان ئەندازەش دژی رژێمی ئیرانی مەرگ و سێدارەو سەنگسار و بیمافێن، خۆیان بە هاوچارەنووسی چینی کریکار و جەماوەری بێ بەشی ئیران دەزانن. تەنانەت چارەنووسی چینی کریکار و عیراق و کوردستان، لەگەڵ چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی ئیران، هێندە بە یەکەوە گرێی خواردووە، کە روخانی دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی ئیران، هیوا و ئارەزوویەکی راگەیەنراوی جەماوەری بێبەشی هەردوو وڵاتە.

سەرئەنجام، ئەوەی لە پەیوەندی دەسەڵاتی هەرێم و ئیراندا هەیە، پزیشکیان بۆ نوێکردنەوەی سەردانی هەریمشی کرد، هیچ شتیکی بەسودی پارتی و یەکێتی تیا نەبوو، چونکە ئەوەی هەبوو خواست و داواکاری ئیران بوو لە هەرێم و هەردوو دەسەڵاتەکە. دەسەڵاتی هەردوو زۆنیش بەجیا لەوەی بەڵێنی هاوکاری وبەردەوامی خۆشخزمەتیان بە ئیران و پزیشکیان دا، هیشتا لە جێگای پیداگری لەسەر پەیوەندیەکی هاوسەنگ، لە چوارچێوەی پاڕانەوەی سیاسیدا، خۆیان نیشاندا. یەکێتی بە درێژەدان بە وەفاداری پیشووی و پارتیش لەگەڵ ئەوەدا لە زۆنی جەمسەری بەرامبەر و تورکیادایە بە مل کەچ بوون بە خواستەکانی ئیران، رەزامەند بوو...

لەو نێوەدا ئەم سەردانەی پزیشکیان، هیچ دەستکەوتێکی بۆ خەڵکی عێراق و کوردستان نەبوو، مەگەر بۆ نۆکەرەکانی خۆی و ئەو گەمژانەی بە کوردی قسەکردنی پزیشکیان گێژی کردن و بیریان چۆوە، ئەوەی دۆزەخی بۆ ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان داخستووە، بە کوردی رەسەن دەدوێن لە "خاکی عەزیز"ی باب و باپیرانیان لەدایک بوون.

**ناوەراستی سێبتەمبەری ٢٠٢٤**

# درێژەی: لە دووەمین ساڵیادی ڕاپەڕین و بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی ئیراندا، خواستی روخاندنی رژێم زیندووە!

پۆلیسی مۆراڵی!! دەسەڵاتی نەنگینی ئیسلامی سەرمایە، بووە هۆی تەقینەوەی تورەیی و نەفرەتێکی بەرینی کۆمەڵایەتی و جەماوەری، کە ژنان و لاوان، پیشەنگی ئەم راسانە بوون. ئەگەر دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی لەگەڵ هاتنە سەرکاریدا ژیان و ئازادی و مافەکانی لاوان و بەتایبەتی ژنانی ئیرانی، پایماڵ کرد و بەزۆری هێز و سەرکوت، ژنانی ناچار بەوە کرد، سەرپۆش بکەن، ئەوا رەتکردنەوەی سەرپۆش و حجاب دوای زیاتر لە چوار دەهە، هاوکیشەکەی پیچەوانە کردەوە و بووە



هۆی چەخماغەدانی بزوتنەوەیەکی شۆرشگێرانە کە ریشەی زۆر واوتر لە کیشەی ستەم و بێمافی و حجابی ئیجباری ئیسلامیدا بوو. بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی ئیرانی دوو ساڵی رابردوو، شەپۆلێکی تر لەو شەپۆلانە بوو، کە هەر چەند ساڵ جارێک دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایە لە ئیراندا دەکاتە نیشانە. هەر جارەش بە شکۆیەکی زیاتر و بە ئاستێکی فراوانتر و بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکانی پێش خۆی، خۆی نمایش دەکات. بزوتنەوەی دوو ساڵی رابردوو بزوتنەوەی روخاندنی دەسەڵات بوو، بزوتنەوەیەک کە لەسەر بنەمای نارەزایەتییە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نەبراوەو بەردەوامەکانی کریکاران و لاوان و ژنان و مامۆستایان و فەرهەنگیان و سەرجەم توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگەی ئیران باڵای کردبوو. بزوتنەوەیەک کە توانی بە شیوەی رادیکاڵ و دەستەمۆ نەبوو لەلایەن باڵەکانی بۆرژوازییەوە، توانای خۆی نیشان بدات و مۆری خۆی بدات لە میژووی خەباتکارانە و هاوچەرخی ئیران. بزوتنەوەیەک کە سنور و رەنگە نەتەوەیی و مەزهەبیەکانی کەنار خست و بە قامەتی سەربەخۆی خۆیەوە ئاڵای" ژن، ژیان، ئازادی" بەرز کردەوە.

بزوتنەوەیەکی سەراسەری و ماوە درێژ... بزوتنەوەیەک کە رێگای گەرانەوەی لێ بەستراوەو رەوتی روو لە پیشی خۆی دەپێوێت. بزوتنەوەی شۆرشگێڕانەی دوو ساڵی رابردوو، توانی هاوسەنگی هیز بەسودی جەماوەری بگۆرێت و تەلیسمی ترس و تۆقاندنی جمهوری ئیسلامی تۆقاند و تێک شکاند. بزوتنەوەیەک کە خاراوتر لە جارانی پیشوو، رادیکاڵ تر و رێکخراوتر لە رابردوو. رۆشنتر و بە هیزتر و هاوکات هەماهەنگتر بوو. دروشم و بانگەوازەکانی هیندە رادیکاڵ و پیشرەو بوو، کە هیزە بۆرژواییەکانی لە ئاریا میهریەکان و شاهەنشایەکان تا دەگاتە رەوتە ناسیونالیستە رەنگاو رەنگەکان، توشی راچەنین و سەرە گێژە کرد. خواستەکانی سەراسەری و جەماوەری بوون، خواستی روخاندنی رژێم سەرەکی ترین پاڵنەری ئەم بزوتنەوە شۆرشگێرانەیە بوو. ئەم بزوتنەوەیە نەک هەر بۆرژوازی و باڵە رەنگاو رەنگەکانی تەکان و خستە کەنارەوە، بەڵکو بە ناوەرۆکە ئینسانی و سەراسەری و چەپی خۆیەوە، چەپ و کۆمۆنیزمی ئیرانی لە ئامادەیی و شۆرشگێر بوون و رادیکاڵ بوونی خۆی بیدار کردەوە.

بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی دوو ساڵی رابردوو، بە ئامانجەکانی خۆی نەگەیشت کە روخاندنی جمهوری ئیسلامی بوو، بەڵکو دوای بەرامبەرکێیەکی گەورە و قوربانیەکی زۆر پاشەکشەی پێکرا و لە شەقام دورخرایەوە، بەڵام دەرس و ئەزمونەکان و دەستکەوتەکانی سەرمایەیەکی گەورەن بۆ بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی ئیستاو داهاتوو... لەگەڵ ئەوەدا بزوتنەوەکە لە ئاستی شەقام و بە شیوەی جەماوەری هاوئاهەنگ و سەراسەری پاشەکشەی پێکرا، بەڵام بزوتنەوەکە نەوەستاوەو هەموو رۆژە بەرامبەرکێی چینی کریکار و ژنان و لاوان و توێژە بێبەشەکان، بەردەوامی هەیە و دەستکەوتەکانی ئەم بزوتنەوەیە لە توردانی حیجابەوە بۆ رەمزەکانی ئیسلام و دژایەتی سەرجەم ولایەتی فەقییەو خواستی روخاندنی رژێم بە هیزی خۆیەوە ماوەتەوە. وە هیزی ئامادەی جەماوەری، ئامادەیە لە هەر دەرەتانێکی گونجاودا، دوبارە هیزی خۆی بهێنێتەوە مەیدان و درێژە بەو کاروانە بدات کە روخاندنی رژێم لە هەنگاوی یەکەمیدا، ئامانجییەتی و لەگەڵ روخانی ئەم رژێمە هارەی سەرمایەدا، تەواوی ناوچەکەو رۆژهەڵاتی ناوەراست لە بەڵایەک رزگاری دەبێت و دەروازە بۆ ئاڵوگۆڕی شۆرشگێرانە لە ناوچەکەدا دەکاتەوە...

# درێژەی: هێرش بۆ سەردەزگاو بینایەی چاودێر و گەلاوێژ و پاساوی گەمژانە!!

گەیاند، کە ئەوەی رویداوە گێرانەوەی بینای یەکێتی و ممتەلەکانی یەکێتی بووە. ئەم پاساوەی کوڕانی تاڵەبانی، لە هێرشەکە بۆسەر بارەگا و بینایەی چاودێر و بنکەی گەلاوێژ، سەکوتگەرانەتر و ژێر پێنانی ئازادی و لەوەش زیاتر سوکایەتیەکی ئاشکرایە بە یاساو دادگا. ئەگەر بریارە یەکێتی بارەگایەک بینایەک لە کەسو لایەنێک وەربگرێتەوە ڕیگاکەی ئەوەیە سەرەتا داوای بکاتەوە و دوای ئەوە ئەگەر داواکەیان رەتکرایەوە پەنا بۆ دادگا ببرێت و بە شێوەی یاسایی مولکی" زەوتکراو" لە رێگای دادگاوە وەربگیرێتەوە. بۆیە پاساوەکەی کورانی تاڵەبانی و میدیای یەکێتی هیندە کۆنەپەرستانەیە ناتوانێت هیچ کەسێک قانع بکات.

ئەوەی روون و ئاشکرایە و گەمژەیەکی سۆشیال-دیمکراتی!! لێی تێدەگات ئەوەیە کە هێرش بۆسەر ئەو بینایە و بەکارهێنانی هێز بۆ وەرگرتنەوەی، پێشیلکردنێکی ئاشکرای ئازادی سیاسی و سوکایەتی گەورەیە بە یاسا و دادگا. وە لە بنەرەتدا ئەو هیرشە بۆ وەرگرتنەوەی بینایەک نییە، بەڵکو سزایەکی سیاسی و سەرکوتی دەنگی رەخنەیە و روو بەرووبوونەوەی رەخنەکانی مەلا بەختیارە لە دەسەڵات و یەکێتی، بەشیوەیەکی تا سەر مۆخ دواکەوتوانە و دیکتاتۆریانە. تەنانەت باسی گێرانەوەی بینا وممتەلەکانی یەکێتی بۆ یەکێتی، درۆیەکە کەس باوەڕێ پێناکات و لە راستیدا ئەوە یەکێتییە دەبێ ئەو زەوی و بیناو گرد و بەرزایانەی داگیری کردووە بگێرێتەوە بۆ هاوڵاتیان و شارەوانی. نە یەکیتی وەکو حزبێکی سیاسی و نە پارتی و نە گۆران و نە کاکەحەمە مافیان نییە... یەکێکیان سەری رەش و ئەوی تریان دەباشان و دوکان و باوکی هەژاران گردی زەرگەتەو کاکە حەمە گوڵەخانە داگیر بکەن و دایببرن بۆ بارەگای حزب و سەرانی دەستڕۆشتویان.


ئەو هیرشە و ئەو رەوتەی یەکێتی گرتوویەتە بەر، بەر لەوەی نیشانەی هیز و توانایی یەکێتی بێت، نیشانە بن بەست و چەقینە لە ئەزمەیەکی قوڵی سیاسی و رێکخراوەیی، کە لە بنەرەتدا ریشەی لە بێئاسۆیی سیاسی رەوتی رووڵەخواری یەکێتیە، نەک لە ئاستی عێراق و کوردستاندا، تەنانەت لە زۆنی سەوزیشدا.

ئەمرۆ ئەوەی بۆ هەموو کەسێک رۆشنە، بە نۆکەر و پیاوە بودەڵەکانی ناوخۆی یەکێتیش کە چەپڵە بۆ بافل و یەکێتی رەفتارەکانی لێدەدەن، ئەوەیە کە یەکێتی جگە لە حزبێکی شیوە مافیای و کۆمپانیایەکی چەتە ئاسا کە بنەماڵە دەستی بەسەردا گرتووە، زیاتر هیچی تر نییە.

ئەم یەکێتییە دەیەوێت بە رەفتاری شەقاوە ئاسا و مافیایی و بە خۆبەستنەوە بە ئاخوندەکانی ئیران و نۆکەرایەتی بۆی، هەیمەنەی خۆی بەسەر زۆنی سەوزدا تا ئەو رادەیە زاڵ بکات، کە جێگای هیچ دەنگێکی نارەزایەتی و ئازادیخوازانەی تیا نەبێتەوە و لە جیگایدا کۆنەپەرستی سەلەفی باڵادەست و ئیران خانە خوێ و یەکتییش پاسەوانیان بێت.

دیارە نە یەکێتی و نە هیچ حزبێکی سیاسی ناتوانێت ئەم زۆنە، دەستەمۆ بکات و دەنگی نارەزایەتی و ئازادیخوازنەی تیا کپ بکات... هیرش بۆسەر مەلا بەختیار لە ململانێی دەسەڵات و یەکلاییکردنەوەی کیشەو گرفتی نیوخۆیان، گۆشەیەکە لە هێرشێکی فراوانتر بۆسەر کەشی نیوەکراوەی زۆنی سەوز و ئەو پەراویزە لە ئازادی کە بەخەبات و تیکۆشان و ئازادیخوازن و بزوتنەوەی نارەزایەتی بەردەوام، بەدەست هاتووە. بۆیە پیویستە بە هەموو شیوەیەک یەکێتی و ئەو رەفتارانەی وەکو بەڵایەکی سیاسی و سەرچاوەیەک بۆسەرکوت و چوارچیوەیەک بۆ خزمەت بە ئیرانی حکومەتی پەت و سێدارە و سەنگسار، رابگرێت و لەوەش زیاتر کەنار بخرێت و سزای رەفتارەکانی لەلایەن جەماوەری ئازادیخوازەوە وەر بگرێتەوە.

# بە بۆنەی دووهەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی "ژن، ژیان ئازادی" لە ئێران



**نووسینی: توانا حەمە نوری**

.تارمایی ڕاپەڕینی ژینا هێشتا بەسەر ئاسمانی ئێراندا دەسوڕێتەوە. بزووتنەوەیەکی گەورە و فراوان کە هەرچەندە شێوەکەی پەرەی سەندووە و بە بەرزی و نشێویدا تێپەڕیوە، بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاو خۆشەویستی خۆی لە ناڕەزایی کرێکاران، مامۆستایان، پەرستاران، خانەنشینان، یاخیبوونە ئاشکراکانی ژنان، بەتایبەتی بەرهەڵستی بوێرانەیان و بایکۆتکردنی هەڵبژاردن و بەرخۆدانی بوێرانەی زیندانیانی سیاسی و دڵسۆزی دایکانی زیندانیانی سیاسی و خەباتی خەڵکی ناوچەی بەلوچ و کوردستان نیشان داوە.

لە ڕۆژانی کۆتایی سێپتێمبەری ساڵی ٢٠٢٢، دوای تیرۆرکردنی ژینا ئەمینی، شەپۆلێکی مەزن لە ناڕەزایەتی دەستی پێکرد و لە کەمتر لە هەفتەیەکدا هەموو ئێرانی گرتەوە و لە کەمتر لە مانگێکدا هەموو جیهانیشی گرتەوە. "ژن، ژیان ئازادی" بوو بە سێ وشەی ڕەمزی کە مانای بە ژیانی دەیان ملیۆن کەسی لە ژێر چەوساندنەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران و سەرەتای ڕاپەڕینێک بە ناوی "ژن، ژیان ئازادی" بەخشی.

بڵێسەی ژینا سەرەتا لە سەقز سەریهەڵدا، پاشان هەموو ئێرانی گرتەوە. دیواری ترس و تیرۆر لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا داڕما و تورەیی کەڵەکەبووی زیاتر لە چوار دەیە حوکمڕانی ستەمکارانە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا ئاگری سەند. سەرهەڵدانی ژینا زادەی ڕەشەبایەک نەبوو لە ئاسمانێکی بێ هەوردا، بەڵکو بەرهەمی زنجیرەیەک قەیرانی قووڵ و پێکهاتەیی بوو کە بەهۆی بوونی کۆماری ئیسلامییەوە هاتبووە ئاراوە، کە لە بارودۆخی ئێستادا نەک هەر قەبارەیان کەم نەبووەتەوە، بەڵکوو زیادیان کردووە. لەسەر بنەمای بەردەوامی ئەم دۆخە مەترسیدارە، ئەم ڕاپەڕینە دەتوانێت لە دۆخێکی تردا سەرهەڵبداتەوە و بوونی ئەم سیستەمە ژنکوژە بخاتە مەترسییەوە.

ڕاپەڕینێک کە هەر لەسەرەتاوە سەرنجی جیهان بەلای خۆیدا ڕاکێشا بەهۆی پلەیەکی بەرزی مۆدێرنیزم و مرۆڤایەتییەوە؛ ڕاپەڕینێک هەر لە سەرەتاوە لە لایەن هەموو بزووتنەوە، دامەزراوە، ڕێکخراو، پارت و گرووپێکی سیاسی پێشکەوتووخواز و هاوچەرخەوە پشتگیری کرا. ڕاپەڕینێک کە نەک تەنها خۆپیشاندەران و تێکۆشەرانی ئێرانی کۆکردەوە، بەڵکو مانای ژیانی ڕۆژانەی ملیۆنەها مرۆڤیشی گۆڕی. ڕاپەڕینێک کە بە تەواوی خۆی لە ناڕەزایەتیەکانی ڕۆژانەی کەرتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا بەرجەستە کرد و لە هەمان کاتدا فڕێدان و سوتاندنی حیجاب لە ڕێگەی هاواری ژن و سەرکردایەتی ژنانەوە کردە ئاڵای سیاسی خەباتی خۆی. ڕاپەرینێک بە وشەی "ژیان" شەڕی لەگەڵ یەکێک لە دڕندەترین ڕژێم لە جیهاندا کرد، کە پێشینەی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانی قێزەونی هەیە و زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگە ڕژانە سەرشەقامەکان بۆ داوای خوێنی هەر کەسێک لەوانەی لە ڕاپەڕیندا کوژراون.

ساڵڕۆژی دوو ساڵەی ئەم ڕاپەڕینە ئاوێنەیەکی تەواوی خەباتی بەردەوامی نەوەکەمانە لە دژی حوکمی سەرکوت و سەپاندن و سانسۆر. ئەوانەی لە ئازادییە سیاسییە بێ مەرجەکان و ئازادی قسەکردن و بیرکردنەوە و باوەڕ و حزبایەتیدا بەدوای مانای پراکتیکی "ئازادی"دا دەگەڕێن؛ ئەو نەوەیەی لە هەموو ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری مرۆڤ دەکەن.

تەنانەت دوو ساڵ دوای لە دایکبوونی ئەم بزوتنەوە جەماوەرییە هێشتا سەنگە بە سەنگەر لەگەڵ حکومەتی پەت و سێدارەی ئیسلامی شەڕ دەکات. لەم ڕۆژانەدا، لەکاتێکدا کۆماری ئیسلامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سووتاندووە بۆ پاشەکشەپێکردنی ڕاپەڕین لە ئێران، دەبینین "زیندانیکردن، ئەشکەنجەدان، لەسێدارەدان" هەرگیز سوودی نەبووە.

ناڕەزایەتی جەماوەری بەرفراوان گەمارۆی حکومەتیان داوە. کرێکاران و خانەنشینان و پەرستاران گردبونەوە و مانگرتنێکی گەورەیان لە دژی ڕژێم ڕێکخستووە. ژنان بێدەنگ نەبوون و لە شەڕی دژی ڕژێمی ڕق لە ژنان خەبات و بەرخۆدانیان بە ژیانی ڕۆژانەیانەوە بەستووەتەوە و بزووتنەوەی دژ بە سزای لەسێدارەدان لە ئاستە جیاجیاکاندا بەرەو پێش دەڕوات و پێشەنگەکانی ئەم بزووتنەوە مەزنە زیندانیانی بەشی ژنانی ئەڤین و زیندانیانی دەیان زیندانی جۆراوجۆرن کە دەنگی "مەرگ تا سزای لەسێدارەدان" و فراوانبوونی مانگرتنەکانیان گەیشتووەتە گوێی جیهان تەنانەت لە قوڵایی زیندانەکانی سزای لەسێدارەدان.

ئەمانە و دەیان حاڵەتی دیکەی خەباتی ژنان و لاوان تەنیا یەک ڕاستی دەردەخەن کە زوو یان درەنگ کۆماری ئیسلامی لەلایەن خەڵکی زەحمەتکیشی ئێرانەوە دەڕوخێت و ئەم ڕوخاندنە بە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەی کە ئێستا لە دەمارەکانی کۆمەڵگەی ئێراندا دەجوڵێت بەدەست دێت.

# وەڵامێکی پێویست بۆ جێگری بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی

٢٠٢٤ / ٩ / ١١ دوێنێ چوار شەممە جێگری بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی لە چوار چێوەی وتارێکی نێو بۆنەیەکی پەروەردەییدا هەندێک دەستەواژەی ناپەروەردەیی بەکار هێنا، وێڕای ئەوەی تۆمەتێکی ناڕەوای خستە پاڵ مامۆستایانی خاوەن

ئیرادەی شەقام، لە بری ئەوەی باس لە گرفتەکانی پەروەردەو چارەسەرکردنی قەیرانەکان و پلانی سەرخستنی کەرتی پەروەردە بکات کە ساڵ بەساڵ وێرانتر دەبێت لە وتارەکەی بەڕێز مامۆستا عومەر (ج.ب. گ.پ.س)دا، زۆر بە توندی و بە خۆهەڵکێشانەوە خەباتی مامۆستایانی ناڕازی بەدەست شکانەوە لەگەڵ پەروەردەدا لەقەڵەمدا و وتی( ئێمە دەست شکانەوەکەمان بردەوە) کە لە ڕاستیدا خەباتی مامۆستایان لە پێناوقوت و شکۆو ژیانێکی شایستەدابووە و هەیە، وە ئێمە هەمیشە خوێندکار و مامۆستاو دامەزراوە پەروەردەییەکانمان وەک یەک پاکێج تەماشاکردوە و لە خەمی ئەوەدا بوین کە خوێندن بە شێوازێکی دروست بخرێتەوە سەر پێی خۆی و تەنها بەڕێکردنی ساڵ نەبێت و گرفتەکان چارەسەر ببن، نەک دەستشکانەوە و بردنەوە و دۆڕاندن.

بۆیە ئەو جۆرە لێدوانانە بە دەستەواژەی ناپەروەردەیی و لێکەوتەی دەستوەردانی حیزبی دەزانین لە کایەی پەروەردەدا، بۆیە لێرەوە بە بەڕێزیان و هەموو ئەوانەی بەو شێوازە بیردەکەنەوە دەڵێین نەک دەست شکانەوەکەتان نەبردۆتەوە بەڵکو ئێوە کەرتی پەروەردەتان وێران کردوە و هەر لە یەکەم هەفتەی بڕیاری بوێرانەی خۆپیشاندانەکان و بایکۆتی ناچاری مامۆستایانەوە دەستی حیزبیتان شکایەوەو گەر کەمێک لە خەمی پەروەردەدا بوونایە دەبوو هەر زوو دەستی شکاوەتان بکێشایەتەوە، کە لەڕاستیشدا دەبوو دەست شکانەوەی ئێوە لەگەڵ ئەو عەقڵیەتە بێت کە خوێندنی بێ بەهاو کردوە و قوت و ژیانی خەلکی بڕیوە کە خۆتان بەشێکن لێی.

لە بەشێکیتری قسەکانیدا دەڵێت(مامۆستایانی ناڕازی ویستیان ئاراستەکەیان بەرەو ماڵی من بێنن و بەرد بارانمکەن)، ئەم قسەیە وێڕای ئەوەی هیچ بنەمایەکی ڕاستی تێدا نیە، هەوڵی خۆ وەک پاڵەوان نیشاندانە و هیچیتر، چونکە لە ماوەی خەباتی مەدەنیدامامۆستایان جگە لە دامەزراوە فەرمیەکان و بارەگا حیزبیەکان کە سەرچاوەی هەموو نەهامەتی و وێرانکاریەکانی ئەم وڵاتەن نەچوینەتە هیچ جێگایەکیتر و هەر جێگایەکیش بڕیارمان لێدابێت خۆپیشاندانمان تێدا ئەنجامداوە و سڵمان لە فشار و هەڕەشەی هیچ بەرپرسێکی باڵای بڕیار بەدەستیش نەکردۆتەوە نەک ئەوانەی کە هیچ بڕیارێکیان لا نیە، بۆیە قسەکانی جێگری بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی ڕەد دەکەینەوە و بەهەوڵی خۆبردنە پێشەوەی حیزبی دەزانین و بە بیری دێنینەوە کە مامۆستایان لەماوەی خەباتی مەدەنی چەند ساڵەدا لە هەر جێگایەک بڕیارمان لەبارەوە دابێت خۆپیشاندانەکانمان ئەنجامداوە، هەر لە چونە هەولێر و بەردەم نەتەوە یەکگرتوەکان و بەردەم بارەگای سەرەکی حیزبەکان و سەرای ئازادی و گرتنی ڕێگای سەرەکی کەرکوک -سلێمانی لە بازگەی چیمەن و دوا خۆپیشاندانیش بۆ بەردەم دەباشان بوو، وەچەندین بڕیاریتری گرنگی بوێرانە.

لەکۆتایدا ڕایدەگەیەنین کە حکومەتێکی شکستخواردووی پڕ لە قەیرانی نابەرپرس دەبێت بزانێت بەرپرسەکانی چۆن قسەدەکەن تاڵەوە زیاتر نەبنە بارگرانی، چونکە مامۆستایان و فەرمانبەران وەک زیندوترین توێژ لە دەساڵی ڕابردوودا گەورەترین نەخێریان بەگوێی دەسەڵاتدا داوە و توانیویانە دەنگی ناڕەزایی بگەیەننە تەواوی ناوەندە جیهانیەکان و لە عێراقیشدا بە چاوی خۆتان دەبینن ڕۆژ بە ڕۆژ چ شکستێک ڕووبە ڕووی ئەم دەسەڵاتە دەبێتەوە و چۆن هەنگاوە مەدەنیەکانمان توانیان بگەنە دادگای فیدراڵی و پەرلەمان و حکومەت و ناوەندەکانی بڕیار لە بەغداو لە هەمووشیاندا ئیرادەی خەباتی مەدەنی سەرکەوتوو بوە و دەستی دەسەڵاتی خۆسەپێنیتێدا شکاوە، تازە بەتازە بەرپرسێکی بەتەزکیە دانراوی حیزبی باسی بردنەوەو دەست شکانەوە دەکات، لە بری ئەوەی داوای لێبوردن لە کەسوکاری خوێندکاران و مامۆستایان بکەن و بڵێن ئێمە نەمانتوانی چارەسەری گرفتەکان بکەین و ئەوە چەندین ساڵە خوێندن بەڕێ دەکرێت و هیچ ساڵێک وەک ساڵێکی ئاسایی تێنەپەڕیوە و داوای لێبوردنتان لێ دەکەین، نەک خۆ هەڵکێشان و لێدوانی ناپەروەردەیی سەبارەت بە ساڵی نوێی خوێندن لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەنجومەنی سەرتاسەری مامۆستایان و فەرمانبەرانی ناڕازی هەڵوێستی خۆی ڕادەگەیەنێت .

ئەنجومەنی مامۆستایانی ناڕازی سلێمانی

١٢/٩/٢٠٢٤

پرسی رۆژ گۆشەیەکە ئاراس رەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە رێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی رۆژ

## کەمپەینی وەستانەوە بەدژی هەمواری یاسای باری کەسێتی یاسای ١٨٨ ی عێراقی

## ژمارەیەک لە ژنان و پیاوانی بەرگریکار لە مافەکانی ژنان، سەبارەت بە هەمواری یاسای باری کەسێتی بۆ بۆپێشەوە دەدوێن...

### پرسی رۆژ: هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی لەعێراق وراوسەرنجی کەسانی ئازادیخواز

لەدوای رووخانی رژێمی بەعس و هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی قەومی و تایەفی و دینی لەعێراق، چەند جارێک هەوڵدراوە یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ و بەتایبەت برگەکانی تایبەت بە تەمەنی هاوسەرگیری کچان وتەڵاق ومیرات و نەفەقە هەموار بکرێتەوە. جارێک بەناوی جێگرتنەوەی شەریعە بۆئەو یاسایە وجارێکی تر بەناوی یاسای جەعفەری لە ٢٠٠٣ وەوە، حزبە ئیسلامیەکان و بەتایبەت باڵی شیعە دەستپێشخەریان کردووە. ئێستاش جارێکی تر هەوڵێکی تر لە لایەن فراکسیۆنی شیعەکانەوە و بە سات و سەودا لەگەڵ کوتلەی سونی لە ئارادایە بۆ هەمواری یاسای باری کەسێتی، کە رێگەدەدات بە هاوسەرگیری منداڵان لە ٩ی نۆ ساڵەو هاوکات دەستی سەرۆک عەشیرەت و پیاوانی ئایینی ئاوەڵادەکات، لە دەرەوەی یاساش کڕین و فرۆشتن بە ژنان و بەتایبەت منالانەوە بکەن.

پرسی رۆژ: بەبڕوای ئێوە هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە یانی چی؟

**جوان میرزا: دکتۆر و چالاکوانی ژنان و ئەندامی دەزگای هاوپەیمانی ئامانی ژنان.**



لەم رۆژانەدا؛ هەموارکردنەوەی یاسا، یان سەپاندنی پاراستنی پیدۆفیلی، شەقامی عێراقی ولاپەڕەکانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکانی سەرقاڵکردووە لە دژ و رازیبوون بەهەموارکردنەوەی یاسای ژمارە ١٨٨. هەموارکردنەوەکە هانی تایفەگەری لەناو خێزان ولاقەکردنی لەشی منداڵان، بەڵکو کۆرپەش، هەروەها ژن وەک قاپێکی جنسی چاولێدەکات بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ نرخێک بۆ بوون وکەرامەت ومرۆڤبوونی.

ناوەرۆکی پێشنیاری هەموارکراو ئاماژە دەدات بە هاوسەرگیری منداڵی ٩ ساڵ (بەپێی مەزهەبی جەعفەری لەشیعە، وقبوڵکردنی جووتبوون لەمەزهەبی سوننە، رێگەدان بەیاریکردن بەران بەپێی فقهی شیعە (سەرچاوە: منهاج الصالحین السید السیستانی جزء٣ صفحة ١٠) "جووتبوون لەگەڵ هاوسەرەکەت نابێت تا تەمەنی ٩ ساڵی تەواو نەکات"، جووتبوونەکە بەردەوام

بێت یان پچڕ پچڕ، بەڵام چێژ وەرگرتنەکانی دیکەی وەک دەست لێدان وماچکردن خستنە ناکۆش وران...تاد ئاساییە بۆچێژ وەرگرتن. هەرچەند جووتبوون پێش تەواوکردنی ٩ ساڵی (لەهیچ پەرلەمانێکی دونیادا بینیوتانە یاسایەک تێپەڕێنن کە هاندانی تێدابێت بۆ ئەنجامدانی تاوان، بەبەڵگەی سەلمێندراو و بەردەست!؟ ئایا پەرلەمانێکتان بینیوە لەدنیادا رێگەبدات دەستدرێژی بکرێتە سەر منداڵانی کۆرپە و بەرەوسەر، بەناوی هاوسەری شەرعی؟ چ هەمەجیەت وبەربەریەتێکە ئەم پەرلەمانە! وئەندامانی دەیانەوێت ئەم کۆمەڵگەیە بەرەو چ زەلکاوێک بەرن؟ ئەو پەرلەمانەی هانی دەرکردنی یاسای لاقەکردنی منداڵ دەدات؛ پەرلەمانێکی پیدۆفیلیە! لەسەرمانە رووبەڕووی دادگا ویاسایی نێودەوڵەتی بکەینەوە، ولەدادگا نێودەوڵەتیەکان وبەپێی بەندەکانی تاوانی جینۆسایدکردنی منداڵانی عێراق دادگایی بکرێن. هەروەها ژنان دەبێت لەدادگادا دژ بە هەر پەرلەمانتارێک کە تەپڵی پێشنیاری هەموارکردنەوە وتێپەڕاندنی ساڵە دەکەن ببینەوە، ٩ بەشوودانی منداڵی شکات بکەین. یان یاسای پاراستنی پیدۆفیلی دەردەکەن، لەوەش زیاتر هانی تاوانی توندوتیژی وئیستیغلالی جنسی منداڵان دەکەن. لەگەڵ ئەوەی بکەرەکە حەسانەی یاسایی هەیە، دواتر ئەم یاسایە کۆمەڵگەی عێراق دەکاتە جەنگەڵستانێکی بێ چاودێر ورەقیب، وتەنانەت" بە سەرپەرشتی یاسایی" هەر باوکێکی هەژار دەوێرێت کچەکەی بفرۆشێت کاتێک پێویستی بەپارە دەبێت. چ کەسێکی دەروون نەخۆشە کە خەو بە گۆشتی خاو وناسک)ەوە دەبینێت، ) ولەبەرامبەردا پارەدەدات بۆبەدەستهێنانی لەشی منداڵێک بەناوی(شەرع) ەوە! پەرلەمان وبانگێشتکەرانی هەموارکردنەوەکە، ئەوانەن کە هانی تاوان دەدەن، و دەیانەوێت تاوانەکانیان لەهەرسات وشوێنێکدا ئەنجامبدەن، و بەشێوەیەکی (یاسایی). ساڵی، ١٠ هاوسەرگیری منداڵی ژێر تەمەن یەکێکە لەبەندەکانی یاسای هەموارکراو، بەواتایەک ئەوەی شاراوەیە گەورەترە. بەندەکانی دیکە پەیوەندیان بەپرسەکانی میراتی ژن، دایانگایی دایک ونەفەقە ...تاد هەیە، وهەربەندێکیان لەبەندەکەی تر قێزەونترە بۆ ژنانی عێراقی. نامۆترین وناشیرینترین بیانوەکانی بۆ تێپەڕاندنی هەموارکردنەوەکە لەزمانی داواکەرانی، بریتیە لە سنووردارکردنی رادەی

جیابوونەوەی هاوسەرگیریە کە ئێستا لەعیراقدا روولەهەڵکشانە! جیابوونەوە وتەڵاق؛ چ پەیوەندیەکی هەیە بە بەشوودانی منداڵانەوە، چ لۆجیکێکی نامۆ و چ تێروانینێکە لەبیرکردنەوە، کێشەیەکی کۆمەڵایەتی وەک تەلاق؛ کەهەمووومان زۆر باش دەزانین هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری وتوندوتیژی خێزانی وبێکاری وهەژاری ماددەی بێهۆشکەر کەشوهەوا وژینگە وبەرزبوونەوەی پلەی گەرما وکێشەی بەردەوامی بڕانی کارەبا ونزمی ئاستی خزمەتگوزاریەکان کەدەبێتە هۆی گۆڕان لەئاکاری مرۆڤەکاندا، لەئەنجامی تووڕەبوونەکانیان دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی رێژەی ناجێگیری دەروونی ودڵەراوکێ. تێکهەڵچوون وئاکاری شەڕانگێزی لەکاتی وەرزی هاویندا، ئەم شیکردنەوەیە بۆ بەرزبوونەوەی تاوان وتوندوتیژی لەهاوین، دیارە زیاترە لەوەرزەکانی دیکە (بەپێی لێکۆڵینەوەکان لەسەر تاوان وئاکاری مرۆڤەکان لە زانکۆی هارڤەردی ئەمەریکی). لەکۆتاییدا پیاوانی ئایینی بەزوڕنای حیزبە ئیسلامیەکانەوە هەستان بەجوێندان بەژنان وداکۆکیکەرانی مافەکانی ژنان ومنداڵان، وناشیرینترین جوێنیان پێدەدەن و بەماسۆنی وسۆزانی وتێکدەری خێزانی عێراق وسەفەرکەر وپشتیوانیان لەلایەن ئەمەریکا ورۆژئاوا لێکراوە. واپێدەچێت حزبە ئیسلامیەکان ئەوەیان بیر چوو، یان بیریان دەچێت کەئەوان لەسەر پشتی زرێپۆش ودەبابەکانی ئەمەریکا وهێزەکانی هاوپەیمانی و رۆژئاوا هاتنە دەسەڵات. پەرلەمان وحکومەتی عێراقی لەهەموو خولەکانی پێشوو وئێستادا، هیچ وەڵامێکیان پێ نییە بۆ پێویستیەکانی خەڵک لەفەراهەمکردنی ژیانێکی شەرفمەندانە وچارەسەرکردنی بێکاری وهەژاری ونەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی وکۆمەڵایەتی و نەبوونی ئەمن وئاسایش وبڵاوبوونەوەی گەندەڵی ودیاردەی بەکارهێنانی ماددە بێهۆشکەرەکان... تاد لە قەیرانەکان، وپێش کۆتایی هاتنی ئەم خولەی پەرلەمان؛ پێشبڕکێیانە لەدروستکردنی قەیرانی تازە، وئەمجارەیان بەهەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی سەرسامیان کردین! دەرکیان بەوەنەکرد کەئاکامەکانی ولێکەوتەکانی ئەم هەموارکردنەوەیە چییە لەسنووردارکردنی رۆڵی دادگا مەدەنیەکان لەلایەک، وهێنانی دادگا مەزهەبی وئایینی وتایەفیەکان

لەجیاتی. کۆمەڵگەکان بەهێنان ودەرکردنی یاسای پاراستنی هاوڵاتیانی لەئیستیغلال وسوکایەتی پێکردن، نەک بازرگانیکردن بەجەستەی منداڵان وژنان بەیاسایی بکرێت!

رووددات بریتیە لە ململانێی نێوان ئەوەی هێزی مەدەنی وئازادیخوازی کۆمەڵگە، کەلایەن بزووتنەوەکانی ژنان وتەوژمە ئازادیخواز ومەدەنیەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت، لەبەرامبەر سیستەمی پیاوسالاری وتایەفی خوێناوی، کەلەلایەن ئیسلامی سیاسیەوە نوێنەرایەتی دەکرێت.

مێژوو بەرەوپێش دەچێت، رەورەوەی سەرەڕای هەوڵدانیان بۆ گەڕاندنەوەی بۆدواوە. ناتوانن سەردەمی بڕینی دەستی دز وسەردەمی خزمەتکاری وکۆیلە وبازرگانیکردن بەژنان لەبازاڕی چێژبینین، بگەڕێننەوە.

**دیاربەرزنجی: نووسەر**



سەبارەت بەیاسای باری کەسێتی عێراقی ساڵی ١٩٥٩؛ من وا ئەزانم ئەم هەوڵانە بۆهەموارکردنەوەی ئەویاسایە، بەشێک بێت لەپاکێجێکی ئامادەکراوی ترسناک بۆداهاتووی عێراق!

ئەمریکا، پاش داگیرکردنی عێراق لەساڵی٢٠٠٣ بەپێچەوانەی چاوەڕوانیەکانی چاودێرانی سیاسی بۆرژوازی، گورزێکی کوشندەی لەهەرچەشنە هەوڵێک بەئاڕاستەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەعێراق وەشاند! ئەویش لەرێگای بوژاندنەوەی دامەزراوە ئاینیەکان ودیوەخانی عەشایرەکان، زۆرێک لەدۆسیەکانی کوشتن وبەشودانی بەزۆرو دەستدرێژی بۆسەرکچان و ژنان خرانە بەردەم پیاوانی ئاینی ودیوەخانی سەرۆک عەشیرەتەکان، ئەوانیش بەگوێرەی بەرژەوەندی ومیزاجی خۆیان، لەبری یاساو دادگا، لەبەرژەوەندی پیاوان، کۆتاییان بەکێشەکە دەهێنا!

دەکرێ چاوەڕوانی کارەساتی زیاتر بکەین، ئەگەر هەموو ئازادیخوازان لەدژی ئەم پلانگێڕیە مەترسیدارە نەوەستنەوە!

**کەژاڵ عبدالقادر حمە شریف // داکۆکیکاری مافەکانی ژنان**



ژنان ومنداڵان لە چاوەڕوانی تاریکیدا ...

دیارە دوای کەوتنی رژێمی بەعسی شۆڤێنی لەعێراق، و گرتنە دەستی وڵات لەلایەن شیعە وە کەزۆرینەی پەرلەمان پێکدێنن رۆژە تاریک وناخۆشەکانی ژنان دەستپێیکرد. هەر زوو پەلاماری یاسای باری کەسێتییاندا، کە ئەم یاسایە لەسالی ١٩٥٩ دا دەرچووەو لە عێراقدا کاری پێئەکرێت، وە تارادەیەک

مەدەنییەو ماف و یاساو دادگا تیایدا پارێزراوە، و لەهەرێم گۆرانکاری باشتری تیادا کراوە. هەر لەگەل پەلاماردانی یاساکە بۆ چەند جارێک نارەزایی زۆر هەبووەو دژی هەمواری یاسای ژمارە ١٨٨ ی سالْی ١٩٥٩.

مەبەست لەم هەموارە چییە؟ بەئێران کردنی عێراق، وەووردە ووردە بەئەفغانستان کردنە! کە مەبەستیانە نیوەی کۆمەلگا لەمرۆڤ بوون بخەن، ولەژێر عەبای رەشدا بیان شارنەوە کە ئێمە ئەزانین ژنان لەم ولاتەدا لە کۆنەوە تارادەیەک ئازاد بوون، وخوێندەوارو رۆشن فکرو داهێنەر بوون. لەپێناو کۆمەلێک ئەقل پوچ وبیرتەسک وپیاوانێک هەموو بیرکردنەوەیان بەرامبەر ژن تەنها سێکس، و وەچە خستنەوەیە! ئەمەش بردنە دواوەی کۆمەلگەیە بۆ سەدەیەک پێشتر. ترسناکی ئەم هەموارە فرە لایەنە: بۆنمونە یەکێک لەبرگەکانی بەشودانی کچی ٩ سالە کەهیچ مرۆڤێکی خاوەن ویژدان ناتوانێ بێدەنگ بێت بەرامبەر ئەم زولْمە، یاخود بەشودانی کچان لەتەمەنی ٦ مانگەوە کەواتە منالْییان ئەدزرێت وبێبەش ئەکرێن لەخوێندن وياريكردن. بیر بکەنەوە چ رۆژگارێکی رەش چاوەرێی عێراقە کەلەوکاتەوە ٤/٨ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە بەبەردەوامی دژایەتی ئەم هەموارە ئەکرێت ونارەزایەتی وخۆپیشاندان بەردەوامە، تەنانەت لەهەرە شارە دواکەوتووەکانی عێراقیش وەکو کەربەلاو نەجەف ئەم هەموارەدژە مرۆڤە و لەئەگەری هەموارەکەدا هەرێمیش پریشکی بەر ئەکەوێت. چونکە ئێمە لە چوارچێوەی عێراقی فیدرالداین بەتایبەتی ئێستا بۆشایی یاسییمان هەیە، پەرلەمان کاتی بەسەرچووە. ترسناک ترین بابەت ئەوەیە مەزهەب جێگەی یاساو دادگا بگرێتەوە. کەسانێکیش هەن چاوەرێی ئەو رۆژگارە دەکەن. لەگەل ئەوەشدا ٦٤ پەرلەمان تارە کوردەکە دژی ئەم هەموارەن، بەلام ئەگەر تەوافقێکی سیاسی بکرێت وئەوانیش پەشیمان بنەوە؟ ئەوکات ژنان ومندالان قوربانی یەکەم ئەبن. کۆمەلگا بەرەو هەلْدێر ئەڕوات.

**بەیان عەزیزی: دکتۆرای مافی نێودەوڵەتی**




هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨؛ هەموارکردنەوەی پێشێلکاریی دژ بە مافی ژنانە. ماوەیەک دەبێت کە زۆرێک لە دادپەروەران وچالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وبە تایبەت ئەو خانمانانە کە هەوڵی زۆر و هەزینەی مرۆییان بۆ مافی ژنان داوە، دژ بەم پرۆژەی هەموارکردنەوەیە ڕاوەستاون. هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ لە عێراقدا، و پاشان سەپاندنی لە ناو کوردستاندا هەموو هەوڵەکان دەباتەوە ناو گەڕیانێکی نگەتیڤ و دەستکەوتەکانی یەکسانخوازیی تووشی هەڕەشە دەکات. بۆ وێنە بە پێی یاسای ١٩٥٩ لەکاتی ناکۆکی لەنێوان هاوسەراندا پەنا بۆ رای یاسایی و دادگاکان دەبردرێت، بەڵام لە هەموارەکەدا دەسەڵاتی تەواو بە مەزهەب دراوە نەوەک دادوەرەکان! و توانا و ئیختیار لە دەڤەری مافخوازیی دەگوازێتەوە بۆ دەسەڵاتی مەزهەب. هەروەها دەبیّ کچ و کوڕ پێش زەماوەند یەکێک لە مەزهەبەکانی شیعە یان سوننە هەڵبژێرن؟ لە حاڵێکدا کە ئەم باسەش دەبێت )تفتیش عقاید . (inquisition)پرۆسەیەک کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لە لایەن کلێساوە هەڕەشەی لە گیان و سەر و ماڵی شارۆمەندان دەکرد . بە پێی یاساکەی پێشوو, تەمەنی ١٨ ساڵی بۆ زەماوەند ( هاوسەرگیری) دیاری کراوە، ڕێگەش نادات لە دەرەوەی دادگاکان پرۆسەی زەواج بکرێت، و ڕێگەش بە هاوسەرگیری پێشوەختە نادات. بەڵام لەم هەموارەدا پشت بە تەمەن نابەستێت، و ڕێگەخۆشکەرە بۆ زەماوەندی پێشوەختە. کارکردن ورێگەپیدان تەنها بە ئەم چەند خاڵە کارەساتی لێدەکەوێتەوە .لە دوای ئەم هەموارکردنەش سەرجەم کێشە کۆمەڵایەتییەکان و توندوتیژییەکان دژی ژنان و منداڵان ڕێگەی پێدەدرێت. بۆ ڕێکخستنەوەی دۆخی کۆمەڵایەتی و چارەسەری کێشەکان پێویستە بەرنامەی یاسایی دابڕێژین و مکانیزم گەلێک چالاک بکەین کە بتوانێت بە تەواوەتی پاڵپشتی مافی ژنان ومنداڵان بێت .

هەوڵدان بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ی عێراق، لەم سات و شوێنەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا , بە تایبەت لە دوای شۆڕشی ژن,ژیان ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە جیهانی هەژاند, بە ڕاستی چ مانایەکی هەیە بێ ڕێزی کردن بە ماف و کەرامەتی ژنان نەبێت؟ عێراق وەک زۆرێک لە دەوڵەتانی جیهان پەیماننامەی مافی منداڵانی پەسەندکردوە و ئەو پەیماننامەیە وەک یاسا بەرپرسیاریەتی بەدواوەیە، کەواتە ڕێک وەک هەر یاسایەکی دیکە، ئەرک دەخاتە ئەستۆی دەوڵەتان، وەزارتخانەکان, سیستمی داد و مەحکەمە, سیستمی پەروەردە ,شارەوانییەکان، کاربەدەستان و تەنانەت دایکوباوکی منداڵان و گەورەساڵەکانی تریش. هەروەها کۆنوانسیۆنی CEDAW کە ئەویش بەرپرسایەتی زۆر دەخاتە سەر شانی وڵاتان و عێراقیش بۆ پاراستنی ماف و ژیانی ژنان. هەموارکردنەوەی یاسای ١٨٨ پشتکردنە لە هەوڵە نەتەوەییەکان و سڕینەوەی پرەنسیپە جیهانییەکانە کە بە هیچ شوێنێکمان ناگەیێنێت.

**کاوە عومەر: هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی یەکسانی خوازیی و ئەندامی ڕابەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق**

سەرەتا زۆر سوپاس بۆ بڵاوکراوەی



بۆپێشەوەو، و بۆ ئەم دەرفەتە.

ڕاستیەکەی ئەم هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتیە ئەگەر لایەکی ڕەواییدان بێت بە کاڵای سێکسیکردنی ژنان ومنداڵان، ورەواییدان بێت بەفرەژنی و زەواجی سیغە و موتعەو مسیار بێبەشکردنی ژنان لە نەفەقەو نیوبەش لەمیرات، و شەرعیەتدان بێت بە دەستدرێژی سێکسی بۆسەر منداڵان بەناوی بەشودان کە ئاکامەکەی شێواندنی جەستەیی و دەروونی، و تێکدانی ژیانی ئارام و دوور لەتووندوتیژی جەستەیی ودەروونی و خۆشگوزەرانییە کە دەسەڵاتداران وگەورەکان لێی بەرپرسیارن. لایەنەکەی تری سەپاندنی حوکمی ئیسلامیە بەسەر کۆمەڵگەدا. هەروەک ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بەسەپاندنی حیجابی ئیجباری لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دەستیپێکردوو هەتا ئێستاش بەردەوامە، کەسەرئەنجامەکەی بە شۆڕشی ژنانە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی شکاوەتەوە، و هێشتاش هەر بەردەوامە، و لە ئەفغانستانیش هەمان شێوە تالیبان ورەوتە ئیسلامیەکان هەر بە هێرش بۆسەر ژنان وکچان دەستیان پێکردووە، بەڵام خۆشبەختانە هەروەک دەبینن ئەو ڕەوتە دژی ژن ودژە ئینسانیانەی کە خەریکی ئەم کارانەن بەتوندی ڕوبەڕووی نارەزایەتی خەڵکی ئازادیخواز، و بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی لە عێراق و کوردستان و ناوچەکەو جیهانیش بوونەتەوە، و بەڕادەیەکی زۆر پاشەکشەیان کردووە، بەڵام ئاشکرایە کە ئەم یاساو ڕێسایانە تەنها بە لەدەسەڵات خستن ودوور خستنەوەی هێزە ئاینیەکان، وجیاکردنەوەی ئاین لە دەسەڵات ویاساو ڕێساکانی کۆمەڵگە دەتوانرێت کۆتایی پێبهێنرێت. واتە بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی وئازادیخوازیی لە کۆمەڵگە دەبێت خەباتی بێوچان بۆ لەگۆڕنانی ئەو دەسەڵاتە توند بکەنەوە. بۆ ئەوەی خەڵکی عێراق و کوردستان لە شەڕ و بەڵای ئیسلامی سیاسی ودەستیوەردانی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە ڕزگاری ببێت.

**شیرین ئەحمەد: گروپی ژنان وپیاوانی ئازادیخواز**



سڵاوتان لێبێت و پێشەکی دەستخۆشیتان لێدەکەم بۆ ئەم بڕگە گرنگە کەهەتانە لە بلاوکراوەی بۆپێشەوەدا سەبارەت بە پرسی رۆژ.

لە ڕاستیدا ئەم هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی ساڵی ١٩٥٩ کە دەکاتە نزیکەی ٦٥ ساڵ پێش ئێستا کە خودی یاساکە کۆنەپەرستانەیە ئەگەر لێیوردبینەوە بە تایبەتی سەبارەت بەژنان کە پلە دووی تیا دەبینی لە ڕووی مافەکانی ژنانەوە، کەچی ئێستا زۆر بێشەرمانە، و نامرۆڤانە دەیانەوێت یاسایەک بێنن کەلەوەش کۆنەپەرستر بێت! بێگومان ئەم هەموارکردنەوەیەی یاسایەی ساڵی ٥٩ کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان بەرەو تاریکی و هەڵدێر دەبات.

ئەگەر لە پێشنیارەکەیان بکۆلینەوەو سەیری بکەین دەبینین کە:

دەیانەوێ کچان لە ٩ ساڵیەوە بەشووبدەن، کە ئەمەش دژی مافەکانی منالانەو دەستدرێژیکردنە بۆ سەر کچان، و بە یاسا شەرعیی دەکەنەوە، هاوکات منالان لەخوێندن بێبەش دەبن و دواتریش هیچ بەشداریەکیان لە کۆمەڵگەدا نابێت وەکو رۆلی ژن کە لەڕاستیدا ئەوانیش ئەوەیان دەوێت.

پێشێلکردنی مافە دەستوریەکانە کە ئەمەش وادەکات یاسا مەدەنیەکان هەڵوەشێنێتەوەو لەجێگەی شەرع و مەزهەبەکان بڕیار بدەن لەسەر ژیان و ماف و گوزەرانی خەڵک.

عەقلیەتی پیاوسالاری لەناو کۆمەڵگەدا بەهێز دەکات، پلە دوویی ژن بەرەسمی دەناسێنێت، و مافەکانی ژنان زیاتر زەوت دەکرێت. زۆر شتی تر کەلێرەدا دەرفەت نییە قسەی لەسەر بکەم.

بەیەک رستە دەریبڕم ئەوەیە کە دەیانەوێ ژیانی کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان بەرەو تاریکی بەرن لە پێناوی سیاسەتە کۆنەپەرستیەکەی خۆیان، و ژن ببێت بە ئامێرێک بەدەست خۆیانەوە کە چۆن لەزەتی لێببینن.

**نەسرین نامق: داکۆکیکاری مافەکانی ژنان**



دوای ٦٥ ساڵ لە خەبات و نارەزایەتی لە دژی ئازادی و یەکسانی، تازە بە تازە ئەیانەوێ کۆمەڵگە بەرەو دواوە بەرن، تەوقی کۆیلایەتی بخەنە گەردنی ئافرەت. ئەبێ هەموو خەڵکی ئازادیخوازی عێراق بێنە مەیدان و دەنگی نارەزایەتی بەرزکەنەوە لە دژی ئەم بڕیارە کۆنەپەرستانە.

**ناز جەلال: نوسەر وراگەیاندنکار**



هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی عێراق لە ئێستاو داهاتوودا کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر تەواوی چینەکانی کۆمەڵ، بەتایبەت منداڵان و ژنان. بەداخەوە کۆمەڵێک بڕگەی تێدایە کەلەگەڵ گۆڕانکاری، وپێشکەوتنەکانی دنیای ئەمڕۆ ناگونجێت، هەرچەندە ئەو یاسایە بەگشتی و بەتایبەت بەندی زوو بەشودانی کچ (لە ٩ساڵی) کە لە ڕووی یاسایی و تەندروستی وکۆمەڵایەتیەوە؛ ئەو تەمەنە گونجاو نییە بۆ دروستکردنی خێزان. بێگومان یاسایەکی لەم چەشنە کاریگەری لەسەر کوردستانیش دەبێت، چونکە کوردستان بەشیکە لە عێراق و هەر یاسایەک لە عێراق دەربچیت کاریگەری لەسەر کوردستان دەبێت...

بۆپێشەوە
FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# هەمواركردنی پێشنیاز كراو بۆ یاسای باری كەسێكی عێراقی

## نووسینی: خالید مەجید

.١– هەموار كردنەكە پشت بە مادەی (٤١) لە دەستووری عێراق دەبەستێت، كە دەڵێت "عێراقییەكان ئازادن (ژن و پیاو) لە وابەستە بوونیان بە باری كەسێتی خۆیانەوە بەپێی"

أ– ئایین. ب– مەزهەب. ج– باوەڕ. د– بژاردەی خۆیان

كەواتە دەبێت ئەم چوار ڕەگەزە لە خۆ بگرێت (ئایین، مەزهەب، باوەڕ، بژاردە یان ویستی شەخسی).

هەرچەندە پێشنیاز یان پرۆژەی هەمواری كردنی یاسای باری كەسێتی ژمارە ١٨٨ ساڵی ١٩٥٩ پشت بە ماددەیەكی دەستووری ڕوون و ئاشكرا دەبەستێت و ناكرێت تانەی لێ بدرێت، بەڵام لە هەمان كاتدا هەموارەكە تەنیا باس لە (مەزهەب) دەكات كاتێک كە دەڵێت عێراقی ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەو مەزهەبەی كە باری كەسێكی ڕێک دەخات و باس لە سێ ڕەگەزەكەی دیكە ناكات كە (ئایین و باوەڕ و بژاردەی كەسەكان خۆیانە) بۆیە دەبوو یاسا دانەری عێراقی هەموو داواكارییەكانی دەقە دەستوورییەكەی بەرجەستە بكردایە، نەک یەک ڕەگەزیان هەڵببژێرێت، و ئەوانی دیكە پشتگوێ بخات. بەمەش دەقە دەستوورییەكەی بەش بەش دەكات و هەمووی جێ بەجێ ناكات.

٢– لە كاتی هاوسەرگیری تێكەڵدا واتا جیاوازی لە مەزهەبی هەر دوو لایەنەكەدا یان لەسەر یەک مەزهەبن وهەر یەكەیان پەیڕەوی مەزهەبێكی جیاواز دەكات. ئەگەر بەپێی مادەی (٤١) لە دەستووری عێراقییەكان ژن و پیاو یەكسان بن بەبێ جیاوازی لە ڕەگەز (نێر و مێ..یان مەزهەب شیعە و سوننە) بەپێی مادەی ١٤ لەبەرامبەر یاسادا، بۆچی حوكمی مەزهەب یان فەتوای مەرجەعێكی بەسەردا دەسەپێنرێت كە باوەڕی پێی نییە؟ بۆچی هەق بە پیاو دەدات ئەو مەزهەبەی كە دەیەوێت هەڵببژێرێت بۆ ڕێكخستنی باری كەسێتی خۆی، بەڵام ئەو مافە لە ژن زەوت دەكات، گوناهی ژنێكی شیعە چییە كە مەزهەبی سوننە هی پیاوەكەیەتی بەسەردا بسەپێنرێت لەبەر ئەوەی مەزهەبی پیاوەكەیە، یان ژنێكی سوننە مەزهەبی پیاوە شیعەكەی بەسەردا بسەپێت. ئەمە پێچەوانەی مادەی ١٤ لە دەستوورە كە دەڵێت "عێراقییەكان یەكسانن لەبەرامبەر یاساد".

٣– نووسینی یاساكان كاری پەرلەمانە...

بەڵام بەپێی ئەو پرۆژە یاسایە (( ئەنجوومەنێكی عیلمی)) كە لە هەر دوو وەقفی سوننی و شیعی پێكدەهێندرێت بۆ نووسینی یاسای حوكمە شەرعییەكانی تایبەت بە باری كەسێتی، ئەوەش پێچەوانەی ئیختیساسە یاساییەكانە كە نووسینی پێشنیازە یاساییەكان بەتەنیا كاری ئەنجوومەنی یاسادانانە پەرلەمان ( لیژنە پەرلەمانییەكان) بۆ هیچ لایەنێكی دیكە نییە ئەو كارە بكات، دەكرێت پشت بە پسپۆڕ لە دەرەوەی ئەو لیژنە پەرلەمانیانە ببەسترێت، بەڵام نووسینی یاساكە نابێت بدرێتە دەست هیچ لایەنێكی دەرەوەی پەرلەمان.

٤– ئەم هەموار كردنە ڕێگەی داوە كە عەقدی زەواج لە دەرەوەی دادگا بكرێت، وئەو سزایەشی لا بردووە (كە بەندكردن بوو) لەسەر ئەوانەی ئەو كارە دەكەن و لەسەر دادگاكانیشە كە ئەو گرێبەستە ڕاستاندن (تەسدیق) بكەن.

لێكەوتەكانی ئەم بڕیارە چییە:

أ– زۆر بەئاسانی دەتواندرێت نكۆڵی لە هاوسەرگیرییەكە بكرێت، چونكە هیچ بەڵگەیەكی فەرمی بەدەستەوە نییە و لە دەرەوەی دادگا كراوە.

ب– كێشە بۆ ئیسپاتكردنی نەسەب دروستدەكات كاتێک كە پیاوەكە نكۆڵی لەو هاوسەرگیرییە دەكات.

ج– مافی ژنەكە لە مارەیی و نەفەقە.

٥– زەوتكردن مافی ژن لە گلدانەوەی منداڵەكانی لەلای خۆی (حق الحضانة) لە كاتێكدا كە ئەو ژنە شوو بكاتەوە. ئەمە وا دەكات ئەو ژنانەی كە لە مێردەكانیان جیابوونەتەوە یان مێردەكانیان مردووە لەبەر منداڵەكانیان نەوێرن شوو بكەنەوە. ئەوەش كێشەی كۆمەڵایەتی هەمەجۆری لێ دەكەوێتەوە.

٦– ڕێگەدان بە فرەژنی؛ وا دەكات پیاوێک چەند خێزانێكی هەبێت كە نەتوانێت بەباشی بەڕێوەیان ببات، و منداڵە كانی پەروەردە بكات. ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی توێژێكی فراوان لە منداڵی لادەر لەناو كۆمەڵگەدا.

تەڵاقدانی ژن و دەركردنی لە شوێنی نیشتەجێبوونەكەی بە شێوەیەكی كتوپڕ؛ وای لێ دەكات كە سەرگەردان ببێت. بۆیە دەبێت پیاوەكەی یان دەوڵەت شوێنی شیاوی ئەگەر بۆ ماوەیەكیش بێت بۆ دابین كات، تاوەكوو وەزعی خۆی ڕێكدەخاتەوە.

٧– تەمەنی باڵق بوونی بەستووەتەوە بەتوانای جەستەیی ئەو كچە منداڵەوە نەک بەتوانای عەقڵی و ئامادەیی بۆ بەڕێوە بردنی ماڵ و منداڵ وخێزان و تاوانی بۆ دیاری كردنی بەرژەوەندی خۆیی و داكۆكی كردن لێی كە ئەگەر لە هەژدە ساڵ كەمتر بێت ناتوانێت ئەوە بكات. بەپێی مەزهەبی حەنەفی كە مەزهەبێكە لە مەزهەبەكانی ئەهلی سوننە:كچ دەبێت لە ١٧ ساڵیدا بەشوو بدرێت، بەپێی مەزهەبی جەعفەری بۆی هەیە لە ٩ ساڵیدا شوو بكات!

هەروەها زواج المتعة واتا كاتی ئەو بنەمایە هەڵدەوەشێنێتەوە كە هاوسەرگیری لەسەر دروست بووە ئەویش پێكەوە نانی خێزان و خستنەوەی وەچەیە و بەردەوامییە.

فوقەها بڕیاریان داوە مافی بە شوودانی كچی سەر بێشكە بدەن بە وەلی كچەكە (باوكی)، چونكە ئەو بەرژەوەندی ئەو كچە دەزانێت!! و هەقیشیان بە كچەكە داوە ئەگەر گەورە بوو ئەو كەسەی بە دڵ نەبوو شووی پێ نەكات، و گرێبەستەكە هەڵبوەشێنێتەوە. ئەمەش كێشەیەكی كۆمەڵایەتی زۆر دروستدەكات. واتا بەشوودانی كچی منداڵ بەبێ ئیرادەی خۆی.

٨– نەفەقەی بەستووەتەوە بە مانەوەی ژن لە ماڵی مێردەكەی، و چوونە دەرەوەی بە ئیزن وەرگرتن لە مێردەكەی، هەروەها مەرجی (استمتاع) بۆ نموونە ئەگەر ژنەكە تۆرا نەفەقەی ناكەوێت، ئەگەر حەزی نەكرد لەگەڵ مێردەكەی بخەوێت نەفەقەی ناكەوێت.

٩– مافی میراتگیری لە عقار واتا زەوی و خانوو بەرە لە كچ دەسەنێتەوە.

# كرێكاران، زەحمەتكێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

**بلاوكراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی كۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەكۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەكۆیەكی لێبراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فكر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوكارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوو ڕەوتە سیاسی و فكری و حزبییەكانی...**

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەركی پێناسەكراوی خۆی سەركەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەكانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەكانتان، لە كێشەو گیروگرفتەكان و ڕێگریەكانی بەردەم خەبات و یەكگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بكەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بكەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەكەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی كار و قوربانیانی، هەواڵی سەركوت و دزی و تالانی دەسەڵات و كۆمپانیاكانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەكانیان، هەواڵی پێشێلكاری ئازادیە سیاسیەكان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەكان... بە ئێمە بگەیەنن.**

**بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەكۆی ڕاستبێژی و مەیدانێكی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەكی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەكی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردەوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان ڕێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای ڕەسام، ڕیبوار حەمە شەریف

# خۆ ناسی



**نووسینی: ڕێبوار حەمە شەریف...**

خۆناسی:

زۆربەی زانای دەروون ناس”ئەو وشەی خۆناسییان وەک مەسەلەی دەرونی و وە کەسیەتیەی تاکیان بە شێوەی جیا جیا بۆ شیکردوینەتەوە، وە بە زۆر سیفە و ڕەنگ و توخمە جیناتەکان و ژینگەو پێگەی کەسایەتی لە چۆنیەتی پەروەدەیی کە لە گرینگی ئەو کۆمەڵگەوە کە چاوی تێدا هەڵهێناوە، بە سەرهەڵدانی ئامانج و وە تێگەیشتن لە بەرهەمهێنانی کەسییەتی□ وە گرنگی ئەو تاکە، وەکو پێناسەو ڕەوشتە جیاجیاکانی جوڵەو گوفتارو بیرکردنەوەی لە فۆڕمۆلۆژییەتی شکڵ یان جەوهەری کەسیەتی شیکارکراوە. وە زۆرجار پەنجە بۆ ڕەوشتە بنەڕەتییەکان و سەرەکییەکان درێژ کراوە،

وەکو:

١- گوفتار و کردارو و ڕەفتار.

٢- ڕەنگ و جینات.

٣- دەوروبەرو کاریگەریەکان .

٤ـ ئایدیاو بیر قوڵی و ناوەندە ڕۆشنفکریەکان و هەستە مەعرفیەکان.

٥- هەڵبژاردەی ڕەنگ و گونجان.

هەستییەکان یان (تکیف/و خۆگونجان) لە شکڵێکدا کە بۆ هاو هەمەهەنگیبێت چ وەک ڕاهاتن یان زۆربوون لە جنسدا.

٦- ئەم خاڵەیان زۆر گرنگە کە من دەمەوێ زۆرتر قسەی لە سەر بکەم.

خۆشەویستی یان عەیشق :

جا/ دابەشبوونەکە لێرەوە زۆر مەسەلەو پەیام ئەگەیەنێ و هەموو خاڵەکان لە خاڵێکدا کۆدەکاتەوە.

با بڵێن: کەسیەتی تاکێک لە کۆمەڵگەدا وەک کەسێکی شەڕانگێزو سروشتێکی نا پەروەردەی هەیە لە سەرەتادا و ئەو جوگرفیایەی کە سەری تێدا هەڵداوە نادروست و نا پەروەردەی بووە، جا ئەگەر لە ناو جەنگدابوو بێت یان لەناو جەنگێک کە خێزانبێت یان چواردەوربێت، ئەوە کاریگەری زۆر بابەتی هەڵدەگرێت کە باس لە لایەنە شەرانگێزییەکانی بکرێت لە ڕووی دەرونییەوە، چونکە بە بڕوای زۆر لە دەروناسانی وەک فرۆیدو پافلوڤ یان زانستی ئێستا، شیکارە سایکۆو سۆماتیکیەتی شپرزان و هەستەوەرکان لەلایەن دەزگای تەندروستی جیهانیەوە) ptc)زۆر خاڵیان بۆ وتراوە و دەیانگرێتەوە.

ئەوەی دەمەوێ لێرە باسی بکەم و مەبەستمە...

دەکرێ تێبگەین کە، ئامانج چییە؟ لە کەسێکدا کە لەڕێگەی خوێندنەوەو نووسینەوە بە تیورێکی ئەقڵانیدا گوزەر بکات و بییەوێ لە فەلسەفەی ژیان دروستی و ژین دروستی و مرۆڤ دروستی و بونێک کە خودی خۆی بییەوێ کە خۆی و خودێک هەر دەبێت ساق بکاتەوە لە کۆمەڵگەدا کە...

بڵێت: من هەم یان نیم؟

جا گەر وەک بوونی خۆی ساقکردەوە کە هەبێت کێیەو وە، چۆن هەیەو یا چۆن نەبوو سەنگ و پێگەی چۆن دەبێت.

سەرەتا :

ئەوانە کێن؟ کە هەتا دوا پلەی ژیان وەک (المراهیق متآخر)ە

وە، وەک خۆیان دەمێننەوە...

و/

ڕەنگ: سەرچاوەیەکە بۆ دەستنیشانکردنیان و ناکامڵی ئەقڵی پێنەگەیشتوی و مەعریفەکانیان، گوتارە ڕستەو هەمەجیەت لە وشەی هەڵچونی ڕۆژنەیاندا و نوسینەوەی ناو ناوبانگی خۆیان' جا ، وەک نمایشت کردن کە هەرجارەو لەسەر ئاوازێک و بە ڕستگەریەک کە ئەدوێت و ڕەنگ و جل لەسەر ئەو بیرە دەگۆڕێت کە ئەو ڕۆژە لەسەری وەسوەسەی هەڵکشانی دەروونی بووە.

لەلای (پافلۆڤ)،

پێناسەی.. ئەم کەسییەتیە، لە دواکەوتنیدا بۆ ئەو ڕۆژە دەگەڕێنێتەوە کە کەسی ناکامڵ وەک گەنجێک کە بە پرۆسەیەکدا تێپەڕبووە کە چێژی لەزەتێکی غەریزیی نەچەشتبێت، هۆکان، زۆرن کەباسی دەکات، بەڵام تەنیا دوو هۆ بەسە:

١- کەسێکە لە گوتنا دەدوێ .. ٢- لە کردار' و جوڵە'دا منداڵە، وە لە نێگاو شیکاردا خەونێک بە پەیکەرێکەوە دەبینێت کە لەوجودا بوونی ڕۆحیەتی... تێدا نییەو وڕاوە دەکات لە وتندا .

خۆشەویستی و عەیشق :

لە ناسینی خودێک'دا چییە؟

گەر سست، بێت لەبێ مەعریفەدا،

یان تژی بێت لە مەعریفەیدا؟

لێرەدا .. کەسایەتی کەسی خۆش مەزەو کەسایەتی ڕۆچوونی عەشق جودایە.

بۆ نمونە:

هەموومان نیشتمانمان خۆشدەوێت، کەچی زۆرینەمان نابینە قوربانی بۆ ڕزگارکردنی، یا هەموو دایک و باوکمان خۆشدەوێت کەچی زۆرینەمان جێی دەهێڵین، یا هەموو بە پرۆسەی ژنهێناو و شوکردندا دەڕۆین، بەڵام خۆشەویستیەکی کاڵ بوونەوە بەدوادا دەهێنێ.

ئایا دەپرسین؟ لە خودێکدا عەیشق لەگەڵ خۆشەویستی جیاوازیەکەی چییە؟،

خۆشەویستی، بەشێکە لە سیفەکانی مرۆڤ:

کە ڕۆژانە نمایش دەکرین و بە گوفتارو جوڵە و نیگاو گۆڕینەوەی غەریزەییەکان، بەڵام لە عەشقدا وردترین پێوەرو حساباتی بۆ دەکرێت، کە دورترین فەزاو ڕێسای بۆ دادەنرێت، دیواری پۆڵاین بۆ نەپسانی خودێک دادەمەزێت کە هەر (حەفدە) هەستەوەرەکە بەشدارن لە دروستکردندا، نەک (حەوت)!؟.

تێکشاندن لە خۆشەویستیدا هەیە، وەک جیابوونەوە و ڕق لێبوونەوە و تەنزدان و سوکایەتیکردن و تۆمەکردن و شکانەوە.

بەڵام بە پێچەوانەوەـ لە عەشقدا باڵاو سەرخستن و وەسفکردن و جوانکاری و جواناسی و بێ تەنزو شکۆداری تادێ...

چۆن کەسی بەدمەست لە کاتێکدا دەروونت بۆ هەڵدەڕژێت کەسی بەد و ڕق ئەستور و شکستیش لە خۆشەویستیدا هەیە، بۆنمونە:

گەر کەسێک تا ئەوپەڕی خوێنەربێت یان بەناو نوسەربێت کاتێک کەسایەتیەک کە دەبێتە ئامانجی خودی و لە شکستەوە بیەوێ خۆشەویستی خۆی بۆ ساغ بکاتەوە، ئەوا گەر بەرابەر ڕازی نەبوو بە پەیامی خۆشەویستی ئەوا زۆر زوووو دەکەوێتە شکانی ئێسک و پوروسیەوە، جا بە هۆناوەی شیعرێکی هەمەجیبێت یان ڕستەیەکبێت، باسی کەسەریەت و خاڵە لاوازکانی بەرابەر دەکات ، هۆکەشی تەنها ئەوەیە بیهێنێتە ژێرباری خودە تێکشکاوەکەی خۆیەوە، بە تایبەت ئەوە لە پیاواندا وەک سیفەتێکی بۆ ماوەیی پێو گەریدا بوونی هەیە.

عەیشق:

عاشقبوون پەیامی هەمەجی و ڕستەی ڕێ گۆڕکی نازانێ.

یەکەم: درۆ و خیانەت و خۆویستی خاڵیە... لە کەسایەتیەکەیدا .

دووەم: غەریزە بوون، ماهیەتی تێتا بزرە، ڕاستە وەک پێویستێکی فیسۆلوگییەت گۆڕینەوەیە لە هەستەوەرەکان، بەڵام نە داوای مسیاو نە داوای زەواجی مەدەنیەت و نە ئەوانی تر، لە کەسیەتیدا هاوسۆزگەری ناکات چونکە، بۆی مەبەست نییە، تەنیا شتێک کە بیبەستێتەوە لایەنە فەنابوون و خەیاڵە عاشقبوونەکەیە وەک ڕۆچونێکی مەعریفی نەک مادیەت .

کەسایەتی...ساختەیی لە خۆشەویستیداو لە عەیشقدا لە ناو بوونی کەسێتیدا:

نیگا: سەرچاوەی ناوەوەیە کە لە چرکەی یەکەمەوە تا وێنەیەک کە خود خۆی بیگرێ بە هەر ئامانێک کە ویستی کەسەکەبێت.

وەستا و شێوەی (ابعاد الشخسیە)،

یەکێکە، لە هەرە ڕوونکرنەوەی جوڵە ناوەکیەکان پێش گوفتار کەبیەوێ بدوێت.

٢: هەڵبژاردەیی ڕەنگ :

بۆ کەسێکی خاوەن مەعریفە گرینگە کە دۆزینەوەی خود لە خۆیدا، وەک هەر ڕەنگێک کە خودا لەسرووشت ڕێکی دەخات، لەگەڵ هەر ڕەنگێکدا بۆ گونجاندن، خۆ ناکرێ باس لە زستان بکرێ و کەسێک باس لە دروێنەی گەنم بکات!،

شکاندنی دیواری خۆسەپان و خۆگەری بە ویستێک ‘کە زۆر لە کەسەکان، نمایشتی دەکەن لە خۆشەویستیدا.

بەلیدانی هەندێ لە گۆرانی هەرزەیی و پاڕانەوە و لاڵاندنەوە یا وێنەو جێی بیرەوەری کە بە زهنی هەرزەی خۆی ئەمە تا ئەو پەڕی خۆشەویستیە، بەڵام لە ڕاستیدا شپرزەی و لاوازی کەسیەتیە.

عەشق□

بەدوورترین مەداو نیگاوە دەڕوانێت...

هەر بۆیە مەعریفەیی و قوڵ بوونەوەی زۆر لە عاریفیەکان شتێک نەبووە ناوی جەسەدبێت لەلایان تەنها خەیاڵێک تا ئەوپەڕی خود بوون،

ون بوون تیداو عەشق و مەعشوق لەوێ دیداری تێدا کردووە.

وەک عەشقێک بۆ خۆدا و بوون و هەست پێکردنیان، پاشان گەڕاونەتەوە بۆ دنیای وجود و ئەو کەسەی کە لە خودیاندا بوونی داگیرکردوون بە ئامانەتەوە تێکەڵی ژیانی خەیاڵێک بووە کە دەبێت هەمیشە بوونی هەبێت و هەرگیز بڕوای بە تێکشکاندن نەبووە.

**کەواتە:**

**ئامانجەکانی... خود لە کێ دا دەدۆزیتەوە و خۆت بۆ کێ قوڵدەکەیەتەوە.**

**پرسیارێکە جێدەهێڵم بۆ هەمووتان؟.**

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ریبوار حەمە شەریف



# کرێکار

..............

کرێکار و
نیورۆیە
سەری کاست لەگەڵ ئەم خەمە
قورسدا بەکێش دەکەیت
کرێکار
هەنگاوەکانت کوێرانە
شەقامە جەناڵەکانی
ئەم شارە پڕ لەکێشەی پێ تەی
ئەکەی
کرێکاریت
جارێ ئازار
جارێ زەردەخەنەی زیندو
جارێ ویژدان
جارێکیش خواو سۆزو عەشق بەمیوانی سەرت ئەکەیت
تۆڕێ ئەکەیت
سەری کاست
لە نێو هەردو لەپی دەستا
نوێ هەڵ ئەگرێ
کوچە کوچە دەرگا دەرگا
یەخەی ئەستێرەکان ئەگرێ
.ئەبێ شەپۆل بۆچی لەرۆخ بێزاربێ..؟
ئەی جام پڕ بو بۆ لێی ئەرژێ..؟
ئەی خوێن رەنگەکەی بۆ سورە ..؟
ئەی ویژدانی ئەم سەرە جەنجاڵەی تۆ کەی بێدارە..؟
چۆن دەوروژێ
تۆڕێ دەکەیت ,,,,
سەر بەدەرگای مەیخانەکانیشدا ئەکەی
مزگەوتەکان میوانی هەمیشەیی رۆژانت
جار جار لە باس و خواسیشا
باسی کڵێساکان دەکەیت
وەکو منداڵ لەسەر تەختەی قوتابخانە
پرسیاری سەیر لەمامۆستاو
وەکوجاران یەخەی باوکت
بۆ هەندێ کێشەی قورس دەگرێ
ئەم مرۆڤە مرۆڤایەتی خۆش ئەوێ
تۆسیرکە لەسەدەکانی رێنیسانسی ئەورووپاوە
هەتا ئێستا
خوێن لە جەستەی دێتە خوارێ
هەڵ ئەزنێ... هەڵ ئەتوتێ
لە هەمو هەستانێکا
کۆڵێ ئازار بەکۆڵیەوە
شەقامە جەنجاڵەکانو
جەنگەڵەکانی ئەورووپاو
حەیفاو یافاو ... ماڵە چینکۆ داخەکانی... ناو تاراتو
سەردابەکانی شیکاغۆ و
ماڵە قورینەکانی ئەم زەمینە
پرلەکێشەی پێ ئەگەرێ
ئەی خەڵکینە کەی بێدارن
ئەم مرۆڤە وا لە سەمای، سوتانی سەری خۆیدا
ئەی نابینن چۆن دەسوتێ
ئەم مرۆڤە بەرێوەیە سادە نییە
ئەم مرۆڤە وەکو عیسا بە منداڵی زمانی گۆی نەپژاوە
وەکو زۆرینەی پێغەمبەران
نە شوان بوە نە دارتاش
نەکەشتیەوانی سەدەی تۆڤانی زەبەلاح
ئەم مرۆڤە سواری ئەسپی ویژدان بوە
ئەم مرۆڤە
سەری کاسی لەژێر باڵی چەپیدایە
ئەم مرۆڤە بەدوای نهێنی زەویدا
دەرگا دەرگا ... کوچە کوچە
ئەم زەمینە
بەدوای یەزداندا ئەگەرێ
ئەم مرۆڤە خواوەندی سۆزو عەشقە
ئەم مرۆڤە لەسەر لوتکە سەرکەشەکان
وەکو هەڵۆ جێگیر ئەبێ
لەگەڵ ویژداندا رێ ئەگرێ

,,,,,,,,,,,,,

## هۆنراوەی: سەلام سەعید

# لەو کوێستانە...



لەو کوێستانە،
لەسەر خەرمانێکی تازە هەڕاجکراو
هەر چوار پەل و دەفەی شان و
پرچ و باسک و دەست و پەنجەوە
هەردوو ئەژنۆ
داربەڕوێکی تەزیوی ڕیش سپیم بینی..
وختێ پرسیم:
کێ ئێوەی بڕیوەتەوە؟
بۆچی بەم دەردە براون؟
بە چی لێکیان جیاکردنەوە؟
دەستی ڕاستی داربەڕووەکە خۆی تەکان و هاتە پێشێ،
بە چەندین چاوی پڕ بەفرو
بە هەناسەی درزبردووی لەتوپەت و
بە دەنگێکی قلیشاوی پارچەپارچەوە گوتی:
دوێنێ شەو نا پێرێ شەوێ،
هێندەم زانی چەن تەورێکی کلک زەرد و
چەن تەوراسێکی کەسکەمل..
هەر بە جلوبەرگی کوردیەوە،
بە کوردی هەڵیانپاچیم و
بە کوردی دایانپاچیم و
بە کوردی دایانهێنام و
بە کوردی دایانجنیم و
هەر بە کوردیش،
ڕەگی کوردبوونیان قرتانم..

---

## نووسینی: ئارام حەسەن

# خۆشباوەڕی بە هەڵبژاردن

# تاکتیکەکان و بازنەکانی هەڵبژاردن



## نووسینی: بنار مستەفا

**بەشی نۆهەم**

لەبەر ئەوەی ئامانجی سەرەکی هەڵبژاردنەکان بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگە، بابەتەکانی تر– لە نێویاندا بابەتە سیاسییەکان – دەکرێت پەراوێز بکەون. لە مێژووی هەڵبژاردنەکاندا چەندین شێواز بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەرهەمهێنراوە. شێوازی هەڵبژاردنەکانیش تاکتیکی جۆراوجۆری لەگەڵ خۆی هێناوە، تا لایەنەکانی بەشداربوو لە ڕێگەیەوە باشترین ئەنجامی تێدا بەدەست بهێنن.

هەر ئەوەی تاکتیکی جۆراوجۆر دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن دابنێت، ڕاستەوخۆ بەو مانایە دێت، کە لە هەڵبژاردندا سیاسەت هەمیشە ئەولەویەت نییە. یان بە شێوەیەکی تر، دەکرێت تاکتیکێکی سەرکەوتووی هەڵبژاردن، کاریگەری لەسەر ئەنجامە گشتییەکەی دابنێت. بەم شێوەیە لانی کەم بە تیۆری ڕەنگە دەنگی دەنگدەران ببێتە پاشکۆی تاکتیکەکان.

بە کردەوە دەکرێت لایەنێک زۆرترین دەنگ بهێنێت، بەڵام بەهۆی تاکتیکێکی سەرکەوتووەوە لایەنێکی تر وەک براوەی سەرەکی دەرکەوێت. یاخود بەهۆی تاکتیکێکی خراپەوە، لایەنی سەرکەوتوو هیچ دەستکەوتێکی ئەوتۆ لە ئەنجامی هەڵبژاردن نەچنێتەوە. بە سادەیی واتە مەرج نییە بەدەستهێنانی دەنگەکان یەکلاییکەرەوە بێت.

واتە گەر لە هەڵبژاردنێکدا دوو لایەن یان چەند لایەن بە لیستێک بەشداریان تێدا کرد، مەرج نییە لە ڕووی سیاسییەوە لە یەک نزیک بن و هەمان ئامانجیان بێت، بەڵکو تاکتیکەکە و بەکاری دەهێنن، تا زۆرترین دەنگ کۆبکەنەوە و لە ڕێگای سوودوەرگرتن لە یەکترییەوە، بەدەستهێنانی ئەنجامێکی باشتر مەیسەر بکەن. ئەمەش ئاماژەیە بە چەند لایەنی جۆراوجۆری هەڵبژاردن، کە بڕیارە لە پێناو دانی دەسەڵات بێت بە زۆرینەی کۆمەڵگە، بەڵام وەک لە چەند نموونەدا دەبینین، یاسا و ڕێسای هەڵبژاردنەکان ڕێگاخۆشکەرن بۆ ئەوەی دەنگی دەنگدەران نەبێتە سەنگی مەحەک.

لەم بارەوە لە مێژوودا کۆمەڵێک نموونەی بەرجەستە هەن. ساڵی ٢٠٠٨ لە هەڵبژاردنەکانی ئیتاڵیا بەهۆی هاوپەیمانییەوە توانی سیلڤیۆ بێرلوسکۆنی کردە براوەی هەڵبژاردنەکان و باڵی چەپی سێنترالیش بەهۆی هاوپەیمانییەوە پێگەی لاواز بوو. هەر لە ئیتاڵیا و دە ساڵ دواتر بزووتنەوەی پێنج ئەستێرە بە هۆی هاوپەیمانی لەگەڵ چەند لایەنێک توانی نوێنەرایەتییەکی تۆکمە بۆ پەرلەمان بەدەست بهێنێت، لە کاتێکدا تەنها بە دەنگەکانی خۆی بۆی مەیسەر نەدەبوو. ساڵی ٢٠١٥ لە ئیسرائیل چەند لایەنێکی بچووک بەهۆی هاوپەیمانیان لەگەڵ پارتی لیکود گەشتنە پەرلەمان، کە دەنگەکانی خۆیان بە تەنها بەشی نەدەکرد. ساڵی ١٩٩٩ لە فینلاند پارتی نەتەوەیی سوید بە هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی یەککگرتوو، توانی چەند کورسییەکی پەرلەمان بهێنێت، کە دواتر لە نێو پارتی هاوپەیماندا مشتومڕی لەسەر دروست بوو.

واتە هەڵبژاردنەکان تەنها بەو شێوەیە ناچێتە پێش، کە زۆرینەی بەدەستهاتووی دەنگەکان براوەیە. لە هەڵبژاردنەکاندا لە ڕێگەی لیستێکی هاوبەشەوە لایەنێک دەتوانێت بە سوود وەرگرتن لە دەنگی لایەنێکی تر و بی پشتیوانی جەماوەر، بگاتە ئەنجامێکی باش، لە هەمان کاتدا لایەنێکی تر وێرای بەدەستهێنانی ڕێژەی دەنگی زۆر، بەڵام ڕێژەیەکی کەم بە بەراورد بە لیستەکان، وێرای پشتیوانی دەنگدەران، دەکرێت لە خوار مافی ڕاستەقینەی خۆی بێت. بە مانایەکی سادە مەرج نییە خواستی خەڵکی بە ئەنجام بگات.

بازنەکان:

لە سەدەی ١٨وە بەکارهێنانی بازنەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان بەکارهاتووە. بە ڕواڵەت وا دەردەکەوێت، کە بوونی بازنەکان دەرفەت دەکاتەوە دانیشتووانی جوگرافیایەکی دیاریکراو، نوێنەری خۆیان بگەیەنە پەرلەمانی وڵاتەکە. بە کردەوە پێچیدەترە و زیاتر نیشانەی پرسیار و گومان دروست دەکات.

بەر لە هەر لێکدانەوەیەک، ئەندام پەرلەمانێک بە دەنگی بازنەیەکی دیاریکراو گەشتبێتە پەرلەمانی وڵات، بەڕاستی دەتوانێت بڕیار لەسەر هەموو وڵات بدات؟ ئاخر ئەو بەشدار دەبێت لە دارشتنی یاسا، کە لە هەموو وڵاتدا کاری پێ دەکرێت. واتە یاساداڕێژەرانی وڵات تەنها نوێنەرایەتی جوگرافیایەکی دیاریکراو دەکەن، بەڵام کاریگەری لەسەر هەموو وڵات دادەنێن. یەکەم گومان و ناکۆکی لەم هاوکێشە سادەیەدایە.

بە نموونە گەر لە عێراق کەسێک بە دەنگی دەنگدەرانی بازنەیەک لە ناوچەی نەجەف گەشتبێتە ئەنجومەنی نوێنەران، چۆن دەتوانێت بڕیار لەسەر دارشتن و هەمواری یاسا بدات، کە دەبێتە یاسای هەموو عێراق؟ ئەو متمانەی دانیشتووانی هەولێر و بەغدا و سەماوە و باقی ناوچەکانی تری بەدەست نەهێناوە، بەڵام دانیشتووانی ئەم ناوچانە یاسایەک بەسەریاندا دەچەسپێت، کە زۆرینەی–گەر تێکرا نەبێت–دەنگدەرانی یاساکە تەنها متمانەی ناوچەیەکیان بەدەستهێناوە، کە دەکاتە کەمینەیەکی کەم. یان دەکرێت پەرلەمانتارێک متمانەی بازنەیەکی هەڵبژاردنی بەدەست هێنابێت، بەڵام ببێتە نوێنەری هەموو وڵات، بەو ناوچە بازنانەی تریشەوە؟

دانانی بازنەکانی هەڵبژاردن بۆ پاراستنی پێگەی حزب و لایەنە گەورەکانە. گەر سەرجەم وڵات یەک بازنە بێت، ئەوا ئەحزاب و لیستی بچووک بە کۆکردنەوەی دەنگی کەم لە ناوچە جیاوازەکان شانسیان دەبێت بە پەرلەمان بگەن. بەڵام کاتێک دابەشکاری دەکرێت بەسەر بازنەکاندا، دەنگەکانیش بە هەمان شێوە دابەش دەبن و شانس تەنها بۆ حزبە گەورەکان دەمێنێتەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو کورسیە کەمانەی بۆ هەر بازنەیەک دیاریکراون.

بەجیا لە هاوکێشە بیرکارییە سادەکە، هاوکات کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی دەنگدەرانیش دادەنێت. کاتێک لە بازنەیەکی دیاریکراودا تەنها نوێنەرێک یان چەند نوێنەر دەگەنە پەرلەمان، خۆبەخۆ دەنگدەر هەوڵ دەدات کاریگەری لەسەر کێبڕکێ سەرەکییەکە دابنێت. واتە ڕەنگە ئەو کاندیدەی پێی باشە پەراوێز بخات، گەر نەبینێت شانسی واقعی هەیە دەنگی پێویست بهێنێت، بەڵکو لە نێو ئەوانەی شانسیان هەیە دەرچن، دەنگ دەدات بەوەی کە پێی وایە لە هەمووان "کەمتر خراپە". واتە دانانی بازنەکان هەستێکی واقعی لای دەنگدەر دروست دەکات، کە ڕەنگە دەنگەکەی بێ ئەرزش بمێنێتەوە، گەر نەیداتە کاندیدێکی ئەسڵی ڕکابەرەکە.

لە ئەمریکا ئەم دیاردەیە زۆر بەرجەستەیە. گەر سەرجەم وڵات یەک بازنە بوایە، ڕەنگ بوو پارتی سەوز و لیبرەیشنەکان بە ئەنجوومەنی پیران بگەشتنایە. لە بەریتانیا بە هەمان شێوە، گەر سەرجەم وڵات یەک بازنەی هەڵبژاردن بوایە، پارتی سەوز و لیبراڵە دیموکراتەکان دەنگ و کورسی پەرلەمانیان زیاتر بەدەست دەهێنا. لە زۆر وڵاتی تر بە هەمان شێوە. بەجیا لەوەی دابەشکردنی بازنەیی کاریگەری لەسەر بڕیاری دەنگدەر دادەنێت، هاوکات هەر بەم شێوەیەی ئێستاش و بە پێی ئەو دەنگانەی دراون، لە زۆر وڵات گەر دابەشکردنی بازنەیی نەبوایە، چەند لایەنێک بە پەرلەمان دەگەشتن.

بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠١٥ی بەریتانیا، پارتی سەربەخۆ یەک کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا. لە کاتێکدا ئەم پارتە زیاتر ١٢ ٪ی دەنگەکانیی درابوو. گەر سەرجەم وڵات یەک بازنە بوایە، ڕێژەی دەنگەکان دەیان کورسی دەکرد. هەمان ساڵ لە پۆڵندا پارتی KORWinبەهۆی دابەشکاری بازنەییەوە هیچ کورسییەکی پەرلەمانی بەدەستنەهێنا، لە کاتێکدا هەر بەو دەنگانە لە سیستەمی یەک بازنەییدا چەند کورسی دەکرد. ساڵی ٢٠١٧ لە فەرەنسا پارتی فرۆنت ناشیۆنال تەنها هەشت کورسی بەدەستهێنا بە پتر ١٣ ٪ی دەنگەکان. گەر تەواوی فەرەنسا یەک بازنە بوایە، ڕێژەی کورسییەکان نزیک دە هێندە دەبوو. ساڵی ٢٠١٩ پارتی ماس پاس تەنها سێ کورسی بەدەستهێنا، گەر ئیسپانیا یەک بازنە بوایە، دەبووە ٢٤. لە زۆر وڵاتی تریشدا چەند لایەنی بچووک کورسییەکی پەرلەمانیان بەدەست دەهێنا، گەر سەرجەم وڵات یەک بازنە بوایە و دابەشکاری بازنەیی نەبوایە.

ئەمانە نموونەی بەرجەستەن، کە لە دنیای ئەمڕۆدا بە زۆری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان بەسەر بازنەی جیاوازدا دابەش دەکرێن. بەم شێوەیە شانسی لایەنە گەورەکان دەهێڵێتەوە و دەرفەت لەسەر لایەنە بچووکەکان قەتیستر دەکاتەوە. بۆیە لایەنە گەورەکان ئامادەی گۆڕانکاری نابن و دەستبەرداری سیستەمی بازنەیی نابن.

کاریگەرییەکانی هەڵبژاردن چەندە کەم و شکلی بێت، هێشتا تاکتیک و شێوازی جۆراوجۆری تێدا بەکاردەهێندرێت بۆ کاریگەرداندن لەسەر ئەنجامەکانی. وێرای کەمی کاریگەرییەکانی هەڵبژاردن، هێشتا ناساندنی وەک دەسەڵات و بڕیاری خەڵکی، دەکرێت بە ڕواڵەت نیشاندانیش لێوەی دوور بێت...

*******



# دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقعیەت

## چاوپێکەوتنی مەنسور حیکمەت لەگەڵ ئینتەرناسیۆناڵ

**بەشی شەشەم**

ئینتەرناسیۆناڵ: ئەحکامە پایەییەکانی لیبراڵیزم و ئەو مافە "سروشتی"یانەی ئەم ڕێبازە مەبەستێتی بەگشتی کامانەن؟ بە چ شێوەیەک لیبراڵیزم لە پشت پێناسەکردنی ئەم مافانەوە پارێزگاری لە ئیعتیباری بۆرژوازی دەکات؟

مەنسوور حیکمەت: بەشێک لەم ئەحکامانە هەر ئەوانەن کە ئەمڕۆ وەک مافە سەلمێنراوەکانی مرۆڤ و ئازادییە مەدەنییەکان باس دەکرێن. ئازادیی بیروباوەڕ و ڕادەربڕین، ئازادیی کۆبوونەوە و ڕێکخراوبوون و لیستێک لە ئازادییە فەردییەکان، ئەو کۆمەڵە ئەحکامە بنچینەییەی لیبراڵیزمی کلاسیکن. پێویستە وەبیری بێنینەوە کە من لێرەدا قسە لە لیبراڵیزمی کلاسیک وەک ڕێباز "قوتابخانە"یەک دەکەم. لیبراڵەکان و حیزبە لیبراڵییەکان کە لەوانەیە بە قەدەر نووکە دەرزییەک بەرامبەر هیچ کامیان وەفدار نەبن.


لیبراڵیزم و ئەو داواکاری و مەسەلانەی کە دەدرێنە پاڵی، لە ڕیزی پێشەوەی خەباتی بۆرژوازیی ڕوو لە گەشەی ئەوسادا، دژی کۆت و بەندەکانی فیۆداڵی و پێودانگەکانی پاشایەتییە ڕەهاکان بوون و هاتنەسەرکاری ئەم مافانە و تەنانەت لەسەرکاربوونی نیوەناچڵ و ڕووکەشانەشیان وەک مافە سروشتییەکان لە کۆمەڵگادا، بە پێشکەوتنێکی بنەڕەتی لەچاو بار و دۆخی کۆندا دادەنرێت.

بەڵام مەسەلەکە، نە هەر بەوەندە دەبڕێتەوە و نە ئەم جۆرە مافانەش کرۆکی ئەسڵیی لیبراڵیزم پێک دێنن. ئەو ئازادییانەی کە ڕێبازی لیبراڵی لە مەیدانی سیاسەت و دەوڵەتدا مەبەستییەتی، لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوە و لێ وەرگیراوی کۆمەڵە بنەمایەکە، کە ئەم ڕێبازە لە زەمینەی ئابووری و چینایەتیدا نیشانی دەدات. لیبراڵیزم وەک ئایدیۆلۆژیی سەرمایەداری و ڕەسەنێتی بازاڕ لەبەرامبەر سیستەمی ئابووریی دەرەبەگایەتیدا هاتە مەیدان. بەپیرۆزڕاگرتنی خاوەندارێتیی تایبەتیی بۆرژوایی، ئازادیی تاک، وەک ڕەنگدانەوەی مرۆییانەی خاوەندارێتیی تایبەتی و یەکەیەکی ئابووری، لە گۆڕەپانی هەڵسوکەوتی ئابووری لە بازاڕدا، بنەمای لیبراڵیزم پێک دێنێت. لایەنگری لە ئازادییە فەردی و مەدەنییەکان لە تیۆری سیاسیی لیبراڵیزمدا، ڕەنگدانەوەی بەرگریی ئەم ڕێبازەیە لە ئازادیی هەڵسووڕانی ئابووری و سیاسیی کەسی بۆرژوا لە جیهانی واقیعی بازاڕدا. ڕۆشنە کە ئەم بنەما بەئاشکرا چینایەتییە، کە بە ئاشکرا بەرگری لە ئابووریی سیاسیی سەرمایەداری دەکات، نەک تەنها هەر مەودای لایەنگری ئەم ڕەوتە لە ئازادی و مافە سیاسییەکان سنووردار و بەرتەسک دەکاتەوە، بەڵکوو مانا و لێکدانەوەیەکی تایبەتیش بە پێناسەیەک دەبەخشێت، کە لە بارەی ئازادییە سیاسییەکانەوە دەدرێت. ئەوەی کە لەنێو تەواوی ئەحکامەکانی لیبراڵیزمدا پیرۆزە و دەستکاری نەکراوە، ئەوەی کە لێکدانەوە و باسکردن هەڵناگرێت، خاوەندارێتی تایبەتیی بۆرژوازییە. پیرۆزترین و "سروشتیترین" مافی تاک لای لیبراڵیزم، مافی خاوەندارێتییە. کاتێک بیری لێ بکەیتەوە، خاوەندارێتییەک کە بەم شێوەیە پیرۆز سەیر دەکرێت، لە لایەکەوە لەسەر ڕەخنەلێگرتن و ڕەتکردنەوەی شێوەیەکی تری خاوەندارێتی، یانی خاوەندارێتیی خانەدانی و دەرەبەگایەتی دامەزراوە و لە ڕوویەکی ترەوە پەیوەندە بە هەبوونی چینێکی مەزن، کە خاوەندارێتی لەو کۆمەڵگایەدا کە لیبراڵیزم مەبەستێتی لەدەست داوە، ئەوسا ڕۆشن دەبێتەوە کە چۆن مەبەستی ئەم ڕێبازە لە ڕاستیدا بیانووهێنانەوە و بەپیرۆز سەیرکردنی جێگا و دەسەڵاتی بۆرژوازی و بەدەستەوەدانی سەرخانێکی سیاسیی گونجاو بۆ سەرمایەدارییە. ڕۆشن دەبێتەوە کە چۆن ئەو "کۆمەڵگا مەدەنی"یەی کە لیبراڵیزم بەرگری لێ دەکات، جگە لە ڕەنگدانەوەی حوقووقییانەی بازاڕ و مافە "سروشتی"یەکانی جێمەبەستی لیبراڵیزم شتێکی دیکە نییە. مافە بۆرژواییەکانی تاک لە دواشیکردنەوەدا ئیمتیازاتی تاکی بۆرژوازییە. لیبراڵیزم لە ئەسڵە سەرەتایی و ئینگلیزییەکاندا، پشتی بە شتێک بەستووە کە بە زاراوە و بە لێکدانەوەیەکی میکانیکییانە، پێی دەوترێت "ئازادیی سیلمی"، یانی ئازادی لەو ڕێگر و کۆتە (لەوانە، قانوونەکان و بڕیارنامەکان) دەرەکییانەی کە دەتوانێت ڕێگە لە هەڵسوکەوتی ئازادانەی فەرد بگرێت. لیبراڵیزم خاڵی دەستپێکردنی خۆی بە




پارێزگاریکردنی هەڵسوکەوت و ئازادیی هەڵسووڕانی فەردی لەبەرامبەر دەستدرێژی دەسەڵاتداران و دەوڵەت و "کۆمەڵگا"دا پێناسە دەکات. لەم ڕێرەوەدایە کە ئازادییە فەردی و مافە مەدەنییەکانی مانایەکی نوێ و سەیر و سەمەرە پەیدا دەکەن. ڕەسەنێتی فەرد و ئازادیی فەردی بۆ چینی بۆرژوا، بە نەبوونی کۆمەڵە قانوون و دامەزراوێک گوزارشتی لێ دەکرێت، کە ڕێگری ئازادیی هەڵسووڕانی سەرمایە و فەردی سەرمایەدار لە بواری ئابووریدا بن. لە لایەکی ترەوە، لەبەرامبەر چینی کرێکاردا، کە هیچ باسێک لە خاوەندارێتی و زاڵبوونی فەرد بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا لە گۆڕێدا نییە، ڕەسەنێتیی فەردیی کرێکار بە شێوەی زەرووورەتی تاکخستنەوە و بەتەنیاکەوتنەوەی فەردی کرێکار لەبەرامبەر سەرمایەدا پێناسە دەکرێت. لیبراڵیزمی کلاسیک لە پەیوەند بە سەرمایەوە، تایبەتیگەرا و دژی دەستتێوەردانی دەوڵەتە لە ئابووریدا. دژی وابەستەکردنی سەرمایەی تایبەتی و فەردیی بۆرژوازی بۆ جۆرە قانوون و بڕیار و مەدارێکی سەروو قانوونەکانی بازاڕەوەیە. لەڕوویەکی ترەوە لەبەرامبەر کرێکاراندا، لیبراڵیزم دژی دەرکەوتنی بەکۆمەڵیان و دژی وابەستەبوونی فەردی کرێکارە بۆ سیاسەتی سەندیکا و ڕێکخراوەی کرێکاری. من و تۆ لەوانەیە پێمان وابێ، بوونی سەندیکا ڕێگا بۆ بەدیهاتنی هەندێ لە مافە "سروشتی" و مەدەنییەکانی کرێکاران خۆش دەکات. بەڵام لیبراڵیزمی کلاسیک ئەمە بە ڕەتکردنەوەی ئازادیی فەردیی کرێکار لە شێوەی فرۆشتن و کەڵکوەرگرتن لە هێزی کارەکەی دەزانێت. ئەم ڕووە یەکجار کۆنەپەرستەی لیبراڵیزم و ئەم لێکدانەوە ڕاستڕەوانەیە لەمەڕ ئازادیی فەردییەوە، کە لەژێر ناوی نرخدانان بۆ ئیرادەی فەرد و هەوڵ و داهێنانی فەردیدا، تەبلیغ بۆ لێپرسراوێتی ڕەهای هەر فەردە لەبەرامبەر بەش و چارەنووسی لە دنیادا و هەروەها بۆ ڕزگاربوونیشی بە هەوڵ و تەقەلای فەردیی خۆی دەکات، لە ڕێبازی لیبرتاریانیزم، کە بەهۆی تاتشەریزم و تێکەڵکردنی ڕێبازی ئابووری "مانتاریزم"ەوە بوو بە مەیلێکی زاڵ لە دەیەی هەشتاکاندا، دەگاتە ئەو پەڕی. لیبراڵە بەناو شارستانیتر و ئینسانترەکانی ئەورووپا و ئەمەریکا کە باڵی ناوەندی سیاسەتی ئەم وڵاتانە پێک دەهێنن، ئەوانەی کە بە ڕادەیەک لەژێر گوشاری سۆسیالیزم و سۆسیال دیموکراتیدان، کە کۆمەڵە نەریتێکی بنەڕەتی ئەورووپا لەبەرامبەر بەریتانیادا بوون، بەڵێ لەژێر ئەم گوشارەدا زۆر بە شێوەیەکی توندڕەوانە دوای دەستەواژەی ئازادیی مەنفی ناکەون. لەم ڕێبازانەی تردا، ئازادی نەک تەنها مانای نەبوونی ڕێگریی دەرەکی و بڕیار و مەداری دەستوپێگرن، بەڵکوو پەیوەندی بە هەبوونی هەلومەرجی ماددی و مەعنەوییەوە بۆ هەڵبژاردنی فەردیی هەیە. هەموومان لەم دنیایەدا مۆڵەتمان هەیە زۆر کار ئەنجام بدەین کە هەرگیز دەرفەتی ماددی، وە یان پێناسە و زانیاری تەواومان بۆ ئەنجامدانیان چنگ ناکەوێت. ئەم ڕووەی دەستەواژەی ئازادی، کە بە "ئازادیی پۆزەتیڤ" ناو دەبرێت، یانی بەهرەمەندبوون لە پێداویستیی هەڵبژاردنی ئازادانەدا، بەشێک نییە لە سیستەمی فیکریی لیبراڵیزم و لەبنەڕەتدا میراتی نەریتە سۆسیالیستی و کۆمەڵگەخوازەکانە. گەشە و سەرهەڵدانی سۆسیال دیموکراتی و دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بە ڕادەیەک ئەم لایەنەیان لە فەرهەنگی سیاسیی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی ڕۆژئاوادا بۆ ماوەیەک بەهێز کرد. ئەمە وا نیاز بوو ببێتە بنەمای سەرمایەدارییەکی "بەڕەنگ و بۆی مرۆیی". لەوانەیە بۆ زۆرێک لە خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، ئەمە ئەو "ڕەنگ و بۆ"یە بێت کە نیزامی سیاسیی ئەورووپای ڕۆژئاوا و لێرەشەوە دەستەواژەی دیموکراتی کە خۆی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەم "ڕەنگ و بۆ مرۆیی"یەوە نییە، لە لایان دەبێتە شتێکی سەرنجڕاکێش. ڕێبازی لیبرتاریانیزم بە ڕابەرایەتیی ڕەوتی تاتشەر، لەسەر پایەی گیروگرفتە ئابوورییەکانی سەرمایەداری ڕیفاه لە دەیەی هەشتاکاندا، ڕێک بە پشتبەستن بە دەستەواژەی "حوکوومەتی خەڵک" و بە وەرگرتنی ڕای خەڵک، پایەی ئەم سیستەمەی هێنایە لەرزە....

**درێژەی دەبێت...**



# هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا نموونەی ڕیسوایی دیموکراسی بۆرژوازییە...

نووسینی: عامر سابیر

لە 5ی نۆڤەمبەری 2024 دا هەڵبژاردن لە ئەمریکا بەرپا ئەکرێت. سەرمایەداران و چینی بۆرژوازی بەردەوام لە هەموو هەڵبژاردنەکانیاندا هەندێ کێشە و مەسەلەی لاوەکی ناو کۆمەڵگە زۆر زەق ئەکەنەوە و ئەیکەنە کێشەی سەرەکی جیاوازی نێوانیان و لە کەمپینی هەڵبژاردنیاندا خەڵکی پێ سەرگەرم ئەکەن و بەهیچ جۆرێک خۆیان لەو کێشە سەرەکیانەی کۆمەڵگە نادەن کە خەڵکی نیگەران کردووە و چینی کرێکار و هەژارانی کۆمەڵگە بەدەستییەوە ئەناڵێنن. ئەوان ئەیانەوێ بە گەورەکردن و زەقکردنەوەی کێشە بچوکەکان، مەسەلە گەورەکان لەبیری خەڵک ببەنەوە و سیستەمی سەرمایەدارییەکەیان کە سەرچاوەی هەموو نەهامەتییەکانە، لە تووڕەی خەڵک بپارێزن.

لەم گەمەیەی بۆرژوازیدا کە پێی ئەڵێن مومارەسەی دیموکراسی و دەنگی خەڵک و هەڵبژاردن. لەم گاڵتەجاڕییەی ئەمجارەی هەڵبژاردندا کێشەی کرێکارانی هاتوو و پەنابەران کە گوایە بێ بەڵگەی ڕوخسەتی مانەوە لە ئەمریکادا ئەژین و کارئەکەن، کراوەتە باسی سەرەکی هەڵبژاردنەکەیان. چینی بۆرژوازی، کرێکارانی هاتووی کردۆتە سەرچاوەی سەرەکی هەموو کێشەکانی خەڵکی ئەمریکا. ئەمەیان کردۆتە خاڵی سەرەکی جیاوازی و ناکۆکی نێوان دوو حیزبە سەرەکییەکەیان. وەک ئەوەی چینی کرێکار و خەڵکی هەژارکراوی ئەمریکا هیچ کێشەیەکی تری نەبێت وتەنها کرێکارانی هاتوو سەرچاوەی هەموو کێشەکانیان بێت لە هەژاری و بێکاری و گرانی!

بەتایبەت ترامپ و حیزبی کۆمارییەکان ئەم مەسەلەیەیان زۆر گەورە کردۆتەوە و کردوویانە بە خاڵی سەرەکی کەمپینی هەڵبژاردنیان و کرێکارانی هاتوویان کردۆتە سەرچاوەی هەموو نەهامەتییەکانی خەڵکی ئەمریکا و گوایە ئەگەر ترامپ سەرکەوێ ئیتر هەموو کێشەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکا چارەسەر ئەبێت! بەوەی هەموو کرێکارانی هاتوو ئەنێرێتەوە بۆ وڵاتانی خۆیان.

ترامپ و حیزبی کۆمارییەکان و کەمپینی هەڵبژاردنیان، زۆر ڕەگەزپەرستانە و نائینسانیانە هەموو ئەم کرێکارە هاتووانە بە تاوانباران و بە بازرگانانی دەرمانی هۆشبەر و بە ڕەیپیست (واتە ئەو تاوانبارانەی هێرشی سێکسی ئەکەنە سەر ژنان) دەناسێنن و پێیان ئەڵێن کە ئەمانە تەمەڵن و نەخۆشی دەروونیان هەیە و وڵاتەکانیان ئەیاننێرن بۆ ئەمریکا تا ژیانی خەڵکی ئەمریکا تێک بدەن و هەلی کار بدزن و هەژاری بڵاوبکەنەوە! تەنانەت لە دیبەیتەکەی بەینی ترامپ و هاریسدا کە لە 10/09/2024 دا کرا، دەرکەوت کە ترامپ و جێگرەکەی درۆیەکی شاخداریان بۆ ئەو کەسانە هەڵبەستووە کە هاتووی وڵاتانی ئاسایی ڕۆژهەڵاتن و وتی ئەوانە سەگ و پشیلەی ماڵانیان دزیوە و گۆشتەکەیان خواردووە؟!

میدیا زەبەلاحەکانی بۆرژوازی بۆتە بڵندگۆی بڵاوکردنەوەی ئەم هێرشە ڕەگەزپەرستییە و زۆر بێ مۆڕاڵانە ئەم درۆ گەورانە ئەکەنە سەردێڕی یەکەمی هاواڵەکانیان و تایتڵی وتاری ڕۆژنامەکانیان. میدیاکانی بۆرژوازی، ڕەگەزپەرستی و تاوان هەڵبەستن بۆ کرێکارانی هاتوو، وە سوکایەتیکردن بە کۆچبەرانیان ئاسایی کردۆتەوە لەو کۆمەڵگەیەدا و ڕۆژانە دووبارەی ئەکەنەوە. بەداخەوە تا ئێستا بەرەی ئینساندۆست و پێشکەوتووخوازی کۆمەڵگەی ئەمریکا هیچی لەخۆی پیشان نەداوە، تا دژی ئەم درۆ گەورانە بێتە مەیدان و سنورێکی بۆ دابنێ. بەداخەوە تا ئێستا چینی کرێکاری ئەمریکا ڕێگەی لە بۆرژوازی نەگرتووە کە نەهێڵێ سەرمایەداران، کرێکارانی هاتوو بکەنە ئەو لەزگەیەی کە برینە قوڵەکانی ناو جەستەی چینی کرێکاری ئەمریکای پێ دائەپۆشن.

سەرجەم دانیشتوانی ئەمریکا 334 ملیۆن کەسە. لەم ڕێژەیە 168 ملیۆن کەس هێزی کاری ئەمریکایە. بەپێی خودی داتاکانی حکومەتی ئەمریکا نزیکی 10 ملیۆن کرێکاری هاتوو هەیە لە ئەمریکادا. لەم 10 ملیۆنە، بڕی 68٪ ی ئەو کەسانەن کە بە ڤیزە چوونەتە ئەمریکاوە و دوای ئەوەی ڤیزەکانیان بەسەرچووە بێ مۆڵەت لە ئەمریکا ماونەتەوە، ئەمانە پێش چوونیان هەموو لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر کراوە، جا ڤیزەیان پێ دراوە. ئەم کرێکارە هاتووانە بە کرێیەکی زۆر هەرزان، خراپترین و سەختترین ئیشەکان ئەکەن کە کرێکارانی تری ئەمریکا ئامادە نین بیکەن.

بۆ سەرمایەداران و خاوەنکارانی ئەمریکا، هێزی کاری هەرزان و بێمافی ئەم کرێکارە هاتووانە بۆتە کۆڵەکەیەکی گەورەی کەڵەکەکردنی سەرمایە بۆیان. ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەردەوام وەک هەڕەشە لەبەرانبەر کرێکارانی تردا بەکاریان ئەهێنن. بۆیە خاوەنکار و سەرمایەداران هەرگیز لە بەرژەوەندیان نییە کە ئەم هێزی کاری هەرزانەیان لە دەست دەرچێ و دیپۆرتی وڵاتەکانی خۆیان بکرێنەوە، کە بە زۆری لە وڵاتانی ئەمریکای باشوورەوە ڕۆیشتوون.

لە کاتێکدا سەرمایەداران ئەیانەوێ ئەم کرێکارە هاتووانە هەبن. لەهەمانکاتدا هانی ئەوە ئەدەن کە مەسەلەی لاوەکی و بچووکی ئاوا بکرێتە کێشەی سەرەکی هەڵبژاردنەکانیان و ڕەخنە دورخرێتەوە لە سیستەمی سەرمایەداری و ناکۆکییەکانی ناو سیستەمەکەیان و سەرمایەداری تاوانبار نەکرێ.

ئەمریکا لە ئێستادا خاوەنی گەورەترین سوپا و جبەخانەیە لە دنیادا. ئابوورییەکەشی تا ئێستا گەورەترینی هەموو دنیایە، بەڵام لە ئێستا بۆیەکەم جارە کە ڕکابەرێکی تری بۆ پەیدابووە و خەریکە شان لە شانی ئەدات، ئەویش (چین)ە. ئەمریکا لە ڕێڕەوی بوون بە ژمارە دوو دایە. بۆرژوازی و چینی خاوەن بڕیاری ئەمریکا، ئەمەیان پێ قبوڵ ناکرێ و بۆیە ئەڵێن ئێستا کاتێتی کە لە چین بدەین بەرلەوەی گەورەتر بێت و لەدەستدەرچێ! هەر لەم ڕاستایەدا بەردەوام گێچەڵ بە چین ئەکەن و ئەیانەوێ تووڕەی کەن و پلانەکانیان بچێتە سەر. شەڕ بەشێکی دانەبڕاوە لە هاوکێشەی سیستەمی کۆمەڵگەی چینایەتی. سەرمایەداری بەردەوام کە لە ناوخۆدا تووشی قەیرانە قوڵەکانی ئەبێت، ئەیەوێت بە بەرپاکردنی شەڕ قەرەبووی بکاتەوە. لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، جگە لە شەڕی کۆریا کە ئەتواندرێ بگوترێ بە 50–50 لێی دەرباز بوو، هەموو ئەو شەڕانەی تر کە ئەمریکا تیایدا بەشداربووە، بە دۆڕاوی لێی هاتۆتە دەرەوە.

قڵشتی چینایەتی، موشکیلەیەکی گەورەی دنیای ئەمڕۆ و ئەمریکایە. بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی (ئۆکسفام) کە ساڵانە لەسەر نایەکسانی بڵاویئەکاتەوە، 10 کەسی دەوڵەمەنترینی دنیا لە بلیۆنێرەکان کە 9 یان لە ئەمریکایە، لە ساڵی 2020 ەوە تا ساڵی 2023 هەر سەعاتی 14 ملیۆن دۆلار چۆتە سەر سامانەکەیان. وە ئەگەر 5 کەسی یەکەم وەربگری ئەوا لە سێ ساڵی ڕابردوودا، هەر ساعتێک 21 ملیۆن دۆلار چۆتە سەر سەروەتەکانیان. ئەمە لە کاتێکدا کە کرێکاران بەدەست هەڵئاوسان و بێکاری و گرانی و بێمافی سەرکار و سەعات کاری زۆرەوە ئەناڵێنن. لە ئەمریکادا هەژاران و بێبەشانی خوارەوە ناچارن کە دوو ئیش و سێ ئیش بکەن تا بتوانن ژیان بەڕێبکەن و بەرگەی ئەو گرانی و نەهامەتییە بگرن کە بۆیان دروستکراوە.

قەرزی سەر قوتابیان، واتە ئەو پارەیەی کە خوێندکار قەرزی کردووە بۆ ئەوەی خوێندنی زانکۆی پێ تەواو بکات، لە ئێستادا سێهەم گەورەترین قەرزەکانی سەر خەڵکی ئەمریکایە لە دوای قەرزی خانوو و قەرزی (کریدت کارت). جۆ بایدن سەرۆکی ئێستا بەڵێنی دابوو کە قەرزی سەر قوتابیان هەڵوەشێنێتەوە. بەڵام چەندین جار لە دەنگدانی پەرلەماندا شکستی هێنا، بۆیە بە ڕێگەی ناڕاستەوخۆیی تا ئێستا تەنها 127 بلیۆنی لە قەرزی سەر قوتابیان هەڵوەشاندۆتەوە، کە ئەم بڕە زۆر کەمە و وەک دڵۆپێک ئاوە لە تەنکەرێکدا، چونکە هەموو قەرزی سەر قوتابیان لە ئێستادا نزیک بە دوو تریلیۆن دۆلارە.

ئەمریکا یەکەم وڵاتی دنیایە کە تیایدا زۆرترین چەک بەدەست خەڵکەوەیە، کە هەر 100 کەسێک لە ئەمریکادا 121 پارچە چەکیان هەیە. ساڵانە بە سەدان هەزار کەس لە ئەمریکا ئەکوژرێن و ئەبنە قوربانی بە هۆی تەقەکردن و کوشتنی بەکۆمەڵەوە. بەڵام ئەمە نەبۆتە باسی هەڵبژاردنیان.

گەرچی ئەمریکا ڕێژەی 4٪ ی دانیشتوانی گۆی زەوی پێک ئەهێنێ، بەڵام 20٪ هەموو زیندانیانی دنیا لە ئەمریکادایە. لە کەمپینی هەڵبژاردنیاندا هیچ باس و پرسیارێک لەسەر ئەمە نییە، چونکە زیندانەکان دراوە بە کەرتی تایبەت و بۆ سەرمایەداران تا زیاتر خەڵک لە زینداندابێت سەرمایەی زۆرتر بۆ ئەوان ئەهێنێ. هەر بۆیە خاوەنی زیندانەکان لە ڕێگەی گرووپی فشاریانەوە بەردەوام لە هەوڵی گۆڕینی یاساکاندان تا زۆرترین کەس بە بچوکترین کێشە بچێتە زیندانەوە.

گەرچی ئەمریکا یەکەم وڵاتی دنیایە لە زۆری سەرفکردنی بودجە بۆ کەرتی تەندروستی، بەڵام لە باری تەندروستییەوە لە خوارەوەی لیستی وڵاتانی (ئۆ ئی سی دی)1 دایە، چونکە هەموو ئەو پارەیەی سەرف ئەکرێ ئەچێتە گیرفانی کەرتی تایبەت و کۆمپانیا گەورەکانی بیمەی تەندروسییەوە (ئینشورانس). ئەمریکا هەر لە ڕێژەی مردنی کۆرپەلە و مردنی دایکان لە کاتی منالبووندا، تا ڕێژەی خۆکوژی و ڕێژەی قەڵەوی و نەخۆشییە درێژخایەنەکان لەسەرەوەی لیستی وڵاتانی (ئۆ ئی سی دی)دایە، لە درێژی تەمەنی تاکەکانی کۆمەڵگەدا لە خوارەوەی لیستی وڵاتانی (ئۆ ئی سی دی) دایە. هەر وەک چۆن لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتای (کۆڤید 19)دا، 20٪ هەموو مردووان بەو نەخۆشییە لە ئاستی دنیادا، لە ئەمریکادا بوو، لە کاتێکدا دانیشتوانەکەی تەنها 4٪ی ڕێژەی دانیشتوانی دنیایە.

لە پەروەردەشدا ئەمریکا لە دواوەیە و تەنانەت وڵاتێکی وەک کۆریای باشور لە پێش ئەمریکاوەیە.

بۆ لاپەڕە 14



# خدر سۆفیانی: دەسەڵات بەتایبەت هەردوو لایەنی پارتی و یەکێتی مێژووی ساڵانی حوکمڕانیان سەلماندویانە مل بەدۆڕان نادەن...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ مافپەروەر هاوڕێ خدر سۆفیانی سەبارەت بە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان...

**بۆپێشەوە: ئایا هیچ زەمانەتێک هەیە هەڵبژاردن لەم کاتەدا بکرێت ؟**

**خدر سۆفیانی:** بەبۆچوونی من دەسەڵاتی سیاسی کەوتۆتە گێژاوەوە، ئەوەندەی بۆی بکرێت خۆی لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەدزێتەوە، چونکە لەدیدی دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی کوردی تەنانەت خودی خۆشیان خۆیان باش دەناسن و دەزانن لەفەزای هەر جۆرە ململانێیەک لەپێشیانە ئەگەر هێزێکی دەرکی هاوکاری ئەلکترۆنیان نەبێت، هەرچەند واقیعی ئەم دۆخە ناچاریان دەکات ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدەن، لەبەرئەوەی ئەم دەسەڵاتە لەئێستادا هیچ شەرعیەتێکی فەرمانڕەوایی نەماوە لەهیچ دام و دەزگایەکی فەرمانڕەواییدا، نەپەرلەمان نەحکومەتی کاراو یاسایی نین، لەبەرئەوە بەخۆدزینەوە لەهەڵبژاردن زیاتر لەدارمان نزیک دەبنەوە، بەهەڵبژاردنیش لەلێواری ڕوخاندان ئەگەر بەرەیەکی نارازی ڕاستەقینە لەگۆڕەپانی ململانێی سیاسیادا بوونی هەبێت، کەواتە هیچ ڕێگاچارەیەکی تر نییە جگە لەئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن و دەبێ بکرێت...

**بۆپێشەوە: مەرسومی ئەمجارەی سەرۆکی هەرێم دوای چەند جار دواخستن و دوای بێنەو بەردەیەکی زۆر لە نێوان پارتی و یەکێتی و سەردانی بەغداو پاشان ئێران دەکرا، چۆن دەڕوانە ڕۆڵی ئێران و وڵاتانی ناوچەکە لە پەیوەند بەهەڵبژاردنەکانەوە؟**

**خدر سۆفیانی:** حەزدەکەم سەرەتا ئاماژە بەوە بکەم سات لەدوای سات دەسەڵات ئاسۆی بیرکردنەوەی بەرتەسکتر دەبێتەوە و هیچ باوەڕیان بەبنەماکانی دیموکراسی نییەو لای ئەوان لەجیاتی گەشەکردن و پەرەپێدانی دیموکراسی زیاتر گەڕاونەتەوە بەرەو دیکتاتۆری و لەپێناو مانەوەیان هەموو ڕێگایەک دەگرنەبەر، هەر لەدەست تێکەڵکردن لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە بەگشتی و گوێ ڕایەڵیان لەبەرامبەر مانەوەی لەدەسەڵاتدا...

**بۆپێشەوە: ئیستا کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بڕیاری لێ نەدراوە، کەچی بە کردەوە لایەنە سیاسیەکان بەتایبەتی پارتی و یەکێتی دەستیان کردووە بە هەڵمەتی هەڵبژاردن و خەریکن فایل و دۆسیەی تاوانکارانەی یەکتری هەڵدەدەنەوە، لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**خدر سۆفیانی:** هەردوو لایەنی سیاسی ئەگەر گوێیان بەپرەنسیب و یاساو ڕێساکانی هەڵبژاردن دابا کات و وەختیان تێکەڵ نەدەکرد هەر بۆیە نەپرۆسیەکەیان لەلا گرنگە نەدیموکراسی، بەڵکو ئەولەویات لای ئەوان تەنها مانەوەی خۆیانە لەدەسەڵاتدا، سەبارەت بەفایل و دۆسیە هەڵدانەوەی یەکتر ئەوە بەهەرحاڵ ڕاگەیاندنی خۆیانە لەبەرامبەر یەکتریدا بەمەرجێک کاتی ڕاگەیاندن و دیاریکراو بێت، بۆرژوازیەت هەموو جوڵەیەکی هەروایە هەرچی لەبەرژەوەندیدا بێت دەیکات ئەگەر دەرچوونیش بێت لەیاساو ڕێساکان...

> **لەهیچ یەکێك لەخولی هەڵبژاردنەکانی هەرێمدا ئاڵوگۆڕی دەسەڵات ڕووی نەداوە، چونکە دیمۆکراسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەهیچ ئاستێك بەتایبەت ئاستی سیاسەت لای ئەو دوو حیزبە بوونی هەر نییە، بەڵکو لای ئەوان ئەوەی هەیە مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵاتە کەلەلایەن چەند کەسێکی دیاریکراوو دیکتاتۆرەوە درێژەی هەیە ...**

**بۆپێشەوە: وەکو ئاشکرایە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم لە بەرامبەر بە دەسەڵاتی بەغدادا، پاشەکشەی زۆری کردووە تا ئەو رادەیەی سەرانی حزبەکان نایشارنەوە، کە قەوارەی هەرێم لە بەردەم مەترسیدایە، ئایا هەڵبژاردن دەتوانێت وەڵامدەرەوە بەو دۆخە بێت، بەر بە مەترسیەکانی دەسەڵاتی ناوەند بەسەر هەرێمدا بگرێت؟**

**خدر سۆفیانی:** لەسایەی بێسەروبەری دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردی نەک هەر پاشەکشە، بەڵکو لەهەموو لایەکەوە گەمارۆ دراوە، هەم لەڕووی سیاسی و پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان و ئابووری بەتایبەتی، بەڵێ ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بیەوێت هێشتا کات ماوە ئەویش بەخۆ نوێکردنەوەو وازهێنان لەدزی و گەندەڵی و چارەسەرکردنی ڕیشەییانەی کێشەکان و هەبوونی سوپایەکی یەکگرتووی نیشتیمانی دەتوانن مەترسیەکانی سەر قەوارەی هەرێم نەک کەم بکەنەوە، بەڵکو دەتوانن هەرێم بەهێزتر بکەن، بەس ئایا ئەوە دەکەن ؟

بێگومان نەخـــــێر

**بۆپێشەوە: لە پینج خولی هەڵبژاردنەکانی هەرێمدا، دەستاو دەست پێکردنی دەسەڵات روینەداوە هەرێم هەر دابەشی دوو زۆنی و دوو دەسەڵاتە" پارتی و یەکێتی" لاتان وایە ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت ئاڵوگۆڕێک بەدوای خۆیدا بهێنێت و دیزاینی سیاسی هەرێم بگۆرێت؟**

**خدر سۆفیانی:** لەهیچ یەکێک لەخولی هەڵبژاردنەکانی هەرێمدا ئاڵوگۆڕی دەسەڵات ڕووی نەداوە، چونکە دیمۆکراسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەهیچ ئاستێک بەتایبەت ئاستی سیاسەت لای ئەو دوو حیزبە بوونی هەر نییە، بەڵکو لای ئەوان ئەوەی هەیە مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵاتە کەلەلایەن چەند کەسێکی دیاریکراوو دیکتاتۆرەوە درێژەی هەیە، بۆئەوەی ئامرازی چەوساندنەوەی خەڵکی زەحمەتکێش تێک بشکێ و پەکی پێ بخرێت دەبێت خەڵک هۆشیار بێت و بەئیرادەو هێزێکی گەورەو فراوان، بەخۆ ڕێکخستن و یەکگرتن لەژێر ئاڵای شۆڕشێکی کرێکاری و چینایەتی بەڕێبەرایەتی خەڵکی هەژارو ستەمدیدە لەژێر ئاڵای سروشتی خۆیاندا کۆببنەوەو ئەم واقیعە تاڵەی ئێستای هەرێم هەڵتەکێنن و بتوانن دیزاینی سیاسی بگۆڕن...

> **دەبێت بزوتنەوەی کرێکاری و زەحمەتکێشی شۆڕشگێڕ بێتە مەیدانی خەبات و تێکۆشان کەئێستا لەناو هەرێم بوونی نییە جگە لەگەڕای شۆڕشێکی چینی هەژارو کەم درامەت کە لەزەین و هۆشی خەڵکدا چەکەرەی کردووە...**

**بۆپێشەوە: لەهەموو هەڵبژاردنەکاندا سەرجەم حزب و لایەنە بەشدارەکان، دەیان بەڵین بە خەڵکی کوردستان دەدەن کە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و خزمەتگوزارییەکان باش دەکەن، کەچی دوای هەموو هەڵبژاردنێک دۆخی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان نەک باش نابێت خراپتر دەبێت، لاتان وایە ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت هیچ بار گرانیەک لەسەر شانی هاوڵاتیان لاببات؟**

**خدر سۆفیانی:** بەڵێنەکانی دەسەڵاتی بۆژوازی جگە لەدرۆ ڕاگەیاندنی چەواشە هیچی تری لێ پەیدا نابێت، چونکە بۆژوازیەت جگە لەخۆ دەوڵەمەند کردن و خڕکردنەوەی ماڵ و پارەو پولی قەبەو گەورە بۆ گیرفانی تایبەتی خۆیان لەسەر حسابی خەڵکی هەژارو ستەمدیدە هیچی تری لێ ناوەشێتەوە، خەڵکی زەحمەتکێش با بەتەمای ئەوە نەبن لەژێر سێبەری کلک و گوێی سیستەمی سەرمایەداری بحەسێنەوە باری سەر شانیان سوک ببێت.

**بۆپێشەوە: تا چەندە لاتان وایە پارتی و یەکێتی، لە هەڵبژاردنەکاندا مل بەدوڕان دەدەن و دەسەڵات رادەستی هێزی براوە دەکەن؟**

**خدر سۆفیانی:** دەسەڵات بەتایبەت هەردوو لایەنی پارتی و یەکێتی مێژووی ساڵانی حوکمڕانیان سەلماندویانە مل بەدۆڕان نادەن و هیچ ئەنجامێکی هەڵبژاردن قبوڵ ناکەن، بەڵکو ڕێگای توندو و تیژی پیشەی خۆیانە بەهەر شێوازێک بێت کورسی چۆڵ ناکەن، چونکە نەباوەڕیان بەدیموکراسی هەیەو نەئیرادەو ویستی خەڵک.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕوانە رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن بەتایبەتی نەوەی نوێ کە بەڵینی گەورە گەورە بەخەڵکی کوردستان دەدات؟**

خدر سۆفیانی: نەوەی نوێ ئۆپۆزیسیۆنی ڕەسەن و ڕاستەقینە نییە، چونکە بەسروشتی خۆی لەدڵی خەڵکی زەحمەتکێش هەڵنەقولاوە و ئەوان پێکهاتوون لەکۆمەڵێک بۆرژواو خاوەن سەرمایەی گەورە، لەگەڵ ئەوەشدا چونکە گۆڕەپانەکە ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینەی نییە خەڵکی ستەمدیدە ناچارن دەست بۆ چڵە پوشێکیش ببەن بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت لەدەسەڵات، وە پێشم وایە نەوەی نوێ لەو فەراغەی کەهەیە دەنگی زۆرینەی خەڵک دێنێت و لەوانەیە بچنە پەرلەمان و حکومەتیش، بەڵام دوای ماوەیەک هەمان ئەزموونی بزوتنەوەی گۆڕان دووبارە دەکەنەوەو دەکەونە پەراوێزی جەماوەری.

**بۆپێشەوە: تا هاتووە بەشداری کردنی هاوڵاتیان لەهەڵبژاردنەکاندا کەم بۆتەوە، هۆکاری بەشداری نەکردنی خەڵک چییە؟ لاتان وایە ئەمجارەش زوربەی زۆری هاوڵاتیان بەشداری هەڵبژاردنەکان ناکەن؟**

**خدر سۆفیانی:** هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کەم بوونەوەی متمانەی هاوڵاتیان بەو حزبانەی ئێستا لەگۆڕەپانی سیاسیدان و هیچ بزوتنەوەیەکی گەرم و گوڕی کرێکاری یاخود چینی زەحمەتکێش وجودی نییە کەخەڵکی بەش مەینەتی ئەم هەرێمە لەژێر ئاڵاکەیدا خۆیان ڕێکبخەن و لەسەر هێڵێکی شۆڕشگێڕانە کۆببنەوە بەئامانجی گۆڕینی واقیعێکی تاڵ بەرەو دنیایەکی پڕ لەهەقیقەت و باشتر .

**بۆپێشەوە: ئەگەر خەڵک بەشداری هەڵبژاردنەکان نەکەن، دەبێ چی بکەن و بەدیلی هەڵبژاردن چییە؟**

**خدر سۆفیانی:** ئەوەی لەبەشداربوونی هاوڵاتیان گرنگترە لەپرۆسەی هەڵبژاردن ئەوەیە کۆمەڵگەی دێموکراسی دەبێت بەتەواوی هۆشیار بێت بەناتەواویەکانی خۆی وەبزانێ هیچ دەزگاو هێزێک ناتوانێ بەبەختەوەری کاملی بگەیەنێت، جگە لەیەک ڕێزی و یەک دەنگی بەئاراستەی دەسەڵات، بۆئەوەش دەبێت بزوتنەوەی کرێکاری و زەحمەتکێشی شۆڕشگێڕ بێتە مەیدانی خەبات و تێکۆشان کەئێستا لەناو هەرێم بوونی نییە جگە لەگەڕای شۆڕشێکی چینی هەژارو کەم درامەت کە لەزەین و هۆشی خەڵکدا چەکەرەی کردووە...

## دریژەی...هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا نموونەی ڕیسوایی دیموکراسی بۆرژوازییە

لانی کەمی کرێ، ئەوەی کە حکومەتی فیدراڵی دیاری کردووە لە ئەمریکا $ 7.25 (حەوت دۆلار و بیست و پێنج سێنتە) کە ئەمە لە نزمترینەکانی لیستی وڵاتانی (ئۆ ئی سی دی) یە. تەنانەت پۆڵەندا و لیتوانیا لە پێش ئەمریکاوەن.

لە مانگی جولای ئەمساڵدا (2024) قەرزەکانی سەر حکومەتی ئەمریکا 35 تریلیۆن دۆلاری تێپەڕاند و لە ئێستادا دانەوەی قازانجی قەرزەکانی بۆتە سێهەم گەورەترین مەسرەفەکانی حکومەتی ئەمریکا کە ساڵانە زیاتر لە 800 بۆ 900 بلیۆن دۆلارە. تاکە شتێک کە ترامپ بەرنامەی ڕۆشنی هەیە کە بیکات، ئەوەیە کە ڕیسا و یاساکان لە بەرژەوەندیان ئەگۆڕی و باجی سەر بلیۆنێرەکان کەمتر ئەکاتەوە! جگە لەمە و هێرش بۆ سەر کرێکارانی هاتوو هیچ پلانێکی تری ڕانەگایاندووە.

لە گەرمەی گرانی گەورەدا لە ساڵانی سیەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، باجی سەر دەوڵەمەندەکان (باجی سەر کۆمپانیاکان) 96٪ بوو. تەنانەت تا ساڵی 1981 یش باجی سەر دەوڵەمەندەکان 70٪ بوو، کە ڕۆناڵد ڕیگان بوو بەسەرۆک، باجی سەر سەرمایەدارانی یەکسەر کەمکردەوە بۆ 40٪. لە ساڵی 2017دا کە ترامپ بوو بە سەرۆک، باجی سەر سەرمایەدارانی لە 35٪ وە کەمکردەوە بۆ 21٪. جۆ بایدن سەرۆکی ئێستا گەرچی بڕیاری دابوو کە زیادی بکاتەوە بۆ 28٪ بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە زیادی بکات و هەوڵەکانی لە پەرلەماندا شکستی خواردووە.

لەو دوو دیبەیتەی تا ئێستا کراوە، کە یەکەم لە 27/6/2024 لە نێوان جۆ بایدن و دۆناڵد ترامپ بوو. وە دووەم لە 10/9/2024 لە نێوان کامڵە هاریس و ترامپ بوو. هیچ پرسیارێکی جەوهەری لەسەر کێشە گەورەکان و ئەم پرسانەی سەرەوە نەوروژێنراوە و نەبۆتە قسەوباسی ئەوانەی کە ئەیانەوێ ببنە سەرۆکی ئەمریکا. ئەمە هەڵەیەک نییە کە بەسەر میدیاکاندا تێپەڕیبێت، بەڵکو ئامانجدارانە بۆرژوازی نەخشەی بۆ کێشاوە و خۆیانی لێ ئەدزنەوە.

سەرمایەداران و چینی بۆرژوازی خۆیان بە "ئازادی هەڵبژاردن"ەوە ڕائەدەن و ئەڵێن تاکەکان ئازادی هەڵبژاردنیان هەیە. ئەوە ڕاستە بۆ نموونە خەڵکی ئەمریکا 30 جۆری جیا مەعجونی دانیان هەیە و ئەتوانن هەڵبژێرن. بۆکرینی ئۆتۆمبیل زیاتر لە 24 جۆریان هەیە وئەتوانن هەڵبژێرن، بەڵام کە دێتە سەر حیزبی سیاسی، پێیان ئەڵێن تەنها دوانتان بەسە. لە ڕاستیدا ئەم دوانەش هەر وەک یەکن و تەنها جیاوازییەکی زۆر کەم و ڕووکەشی لە نێوانیاندا هەیە. ئەم دوو حیزبە بەهەموو شێوەیەک هاوکاری یەک ئەکەن تا نەهێڵن هیچ حیزێکی تر بێتە مەیدانەوە و ببێتە ڕکەبەریان، هەروەک چۆن هەردووکیان پێکەوە هەموو بەربەستێکیان دروست کرد لە بەرانبەر (حیزبی سەوز) تا شانسی ئەوەی نەبێت بێتە پێشەوە و ببێتە ڕەقیبیان.

بۆرژوازی ئەمریکا هەموو هەوڵێک ئەدا تا کەمترین کەس بەشداری هەڵبژاردن بکات، بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژاردنیان کردۆتە ڕۆژی سێشەمەوە کە ڕۆژی کارکردنە، وە بەربەستی جۆراوجۆر دروست ئەکەن تا کەمترین کەس خۆی ناونووسی پرۆسەی دەنگدان بکات. لە زۆر لە ویلایەتەکان هەرچی زیندانی بینیبێ ناتوانێ بۆ هەموو ژیانی دەنگ بدات!

جیاوازی نێو حیزبەکانی بۆرژوازی زۆر کەم و شکڵێن. لەم گاڵتەجاڕیەی سەرمایەداراندا ئەوە دەنگی خەڵک نییە کە بڕیار ئەدات کێ دەسەڵاتی سیاسی بگرێ، بەڵکو پارەدار و کۆمپانیا گەورەکان پشتیوانی کام حیزبەیان کرد ئەوە براوەیە. ماس میدیاکانی بۆرژوازی لە هەڵبژاردنەکانی ئێستای سیستەمی سەرمایەداریدا بڕیار ئەدات کە لە نێو حیزبەکانی بۆرژوازیدا کێ دەسەڵات بگرێ. بۆیە خاوەنی کۆمپانیای ئەمازۆن ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست ئەکڕێ و خاوەنی تێسلەرش تیوتە بە 45 بلیۆن دۆلار ئەکڕێ. ئەمەی هەیە دیموکراسی نییە، بەڵکو دکتاتۆری سەرمایەدارانە لە دژی کرێکاران. ئەگەر ئەمە دیکتاتۆری سەرمایەداران نەبێت، ئەوا دەور و کاریگەری دەزگایەکی وەک (ئەی پاک)2 کە ڕێکخراوێکی پرۆ ئیسرائیلە، ئەو هەموو کاریگەرییەی نابوو لە سەر هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا. کە هەندێ لە بیرمەندان و قەڵەم بەدەستانی ئەم سیستەمەشی خەجاڵەت کردووە و بە ئاشکرا لەدژی قسە ئەکەن وگوێیان لێ ناگیرێ.

سەرمایەداران بۆ مەسەلە سیاسییەکان شانۆگەری هەڵبژاردنی لەمجۆرە ئەنجام ئەدەن، بەڵام هەرگیز ڕێگە نادەن لە شوێنی کاردا بە هیچ جۆرێک دیموکراسی پەیڕەو بکرێ و زۆرینە کە کرێکارانن دەنگ بدەن کە چۆن بەرهەمی ڕەنجیان دابەش بکەن. سەرمایەداری شوێنی کاری کردۆتە دەرەوەی کایەی ئەو دیموکراسییەی شانازی پێوە ئەکات و لەشوێنی کاردا دکتاتۆرییەکی ئاشکرا و موتڵەقی سەپاندووە.

بەداخەوە لە ئێستادا کە سەرمایەداری لە قەیرانی قوڵدایە و لە بەرانبەر کێشەکاندا بێ وەڵامە و تاکە ڕێگەی چارەسەری هەڵگیرساندنی شەڕە. لەم کاتەدا هەر خودی سەرمایەداران، فاشیستەکانیان سواری نارەزایەتی خەڵک کردووە و ئاسۆی بنیاتنانی دنیایەکی باشتریان زیاتر تاریک کردووە.

دکتاتۆری پرۆلیتاریا مەرجی نەهێشتنی دکتاتۆریی سەرمایە. سۆشیالیزمە ئەڵتەرناتیڤی ئەم سیستەمە قەیرانگرتووە کە تاوانی لێ ئەچۆڕی.

**تێبینی:**

**1**

**OECD =The Organization for Economic Co-operation and Development**

**2**

**AIPAC= The American Israel Public Affairs Committee**

**عامر سابیر**

**14/09/2024**

## درێژەی دوا وتە

"دیموکراسی" نەبێت و لە قەڵبکردنیدا، شارەزایەکی کەم وینەیان نیشان دابێت، چۆن دەتوانن کایەی هەڵبژاردنەکان وەکو یەکێک لە یارییەکانی دیموکراسی، بەدەستەوە بگرن و پەیرەوی لێ بکەن. هەر ئەو تایبەتمەندیەشە وای کردووە هەموو خولەکانی هەڵبژاردن تەنها گەمەیەکی حزبی بێ ناوەرۆک و فریوکارییەکی ئاشکرا بێت بۆ ڕەوایی دان بە دەسەڵاتی حزبی زۆنەکان و ڕەسمیەت بەخشین بەو شەق بوونەی هەریم بەسەر دوو زۆنی حزبی و بۆ دەسەڵاتی دوو حزبی باڵادەست.

دەیان هەڵبژاردنی تریش بکرێت، تا ئەو کاتەی ئەم هێزانە لە چەک و هێزی سەربازی دانەماڵرێن و داهاتی دزروای خەڵکی کوردستان لەدەستیان دەرنەهێنرێت و ئیرادە و بریاری سیاسیان لە ئیران و ئەنقەرەو بەغداوە بۆ بێت... باسی هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی دەسەڵات و دەستاو دەستپیکردنی لە درۆیەکی گەورە زیاتر شتێکی تر نابێت. تەنانەت ئەگەر هێشتا کەسانێک لایان وایە پارتی و یەکێتی وەکو دوو هێزی چەکدار ئامادەن لە ڕێگای هەڵبژاردنەکانەوە دەسەڵات ڕادەست بکەن، هێشتا ئەوانە نوقمی وەهمێکی پوچن و باجی ئەو گەمژەیەتیەیان دەدەن.

ناورۆک و تایبەتمەندی ئەم هێزە سیاسیانە بە جۆرێکە، نەک لە ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەدا، تەنانەت لەناو تەلاری ریکخراوەیی حزبەکانیشیاندا، ناتوانن پابەندی هیچ پرانسیبێکی دیموکراتی بە مانا بۆرژوازییەکی ببن. ئەمرۆ سەرجەم حزبە بۆرژوازییەکانی کورد، بوونەتە حزبی بنەماڵەیی و ئەوەی حزب دەچەرخێنی و داهات و هێزی ئەمنی و بریاری سیاسی بەدەستە، باڵادەستی بنەماڵەکانە و کەس ناتوانێت بەرووی پیاوانی بنەماڵەی دەسترۆشتوی حزبدا، دەنگ هەڵبرێت.

لە دۆخی سیاسی کوردستان و ئەم جۆرە لە پێکهاتەی حزبی بنەماڵەییدا، هەڵبژاردن لە هیچ ئاستێکیدا، کایەیەکی دیموکراسی و ڕێگایەک بۆ ئاڵوگۆر نییە، بە پێچەوانەوە هەڵبژاردن دەبێ دەسەڵاتی بنەماڵەو حزب بپارێزی و ڕەوایەتی بەو مۆدێلە لەدەسەڵات بدات، لەدەرەوەی ئەم ڕاستییە، چەک و بەیەکدادانی چەکداری و پەلکیشکردنی هێزی وڵاتانی ناوچەکە بۆ ڕاگرتنی باڵانس و مانەوەی دەسەڵاتیان، ئەگەر و بژاردەیەکی چاوەروانکراوە.

پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیان لە قەومی و ئیسلامیەکان، لە هەمان مۆدیلی حزبی پارتی و یەکێتین و نەک جیاوازیان لە پارتی و یەکێتی نییە، بەڵکو بەرامبەرکیی لێکچوون لەگەڵ ئەو دوو دەسەڵاتە دەکەن و کەس ناتوانێت جیاوازییەکی بەرجەستە لە ختابی ئەم حزب و لایەنانەدا بدۆزێتەوە.

تەنانەت ئەگەر هەڵبژاردن کایەیەکی بۆرژوازی بێت بۆ ئابدەیتی دەسەڵات و دەرچوون لەبەشیک لە گرفت و ئالنکارییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک، لە دۆخی سیاسی هەرێمی ژێر سایەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتییدا، خودی هەڵبژاردن گرفتیکەو حزب و بنەماڵەکان دەبێ دەست بەسەریدا بهێنن و بیلاوێننەوەو نەهێڵن، هەڵبژاردنێکی تۆپیو، ببێتە مایەی ئاشوبێکی گەورە و شەری دەسەڵات.

ئەوەی دەکرێت لە ئاکامی هەڵبژاردندا لە هەرێمی کوردستان رووبدات، زۆر گەورەترە لەو مەترسیەی لە نەبوونی هەڵبژاردندا، رووبدات. ئەمانە حوکم و ڕاستی سەلماو ئەزموونکروای هەریمی ژێر سایەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتین، بۆیە بۆ ئەوەی هەڵبژرادن لە هەر ئاستێکدا رووبدات، دەبێ کوسپەکانی بەردەمی وەلابنرێت، کۆسپی هەرە سەرەکیش بەر لەهەر شتێک، دەسەڵاتی حزبۆکراتی پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیانە.

ئەگەر بەراستی کەسانێک دەیانەوێت کۆمەڵگەی کوردستان بگێردریتەوە بۆ دۆخێک کە هەڵبژاردن و دەستاو دەستکردنی بۆرژوازیانەی دەسەڵات تیایدا روو بدات و ئەمەش ببیتە بە بەشیک لە تایبەتمەندی ئەم کۆمەڵگەیە، وەکو هەر کۆمەڵگەو جغرافیایەکی تری دنیا.... بەندە بە راماڵینی ئەم دەسەڵاتەو لە چەک داماڵینی و کەنار خستنیان.

**ناوەراستی سێبتەمبەری ٢٠٢٤**

ساڵی هەشتەم ژمارە (175) بەرواری 15-9-2024

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

بنار مستەفا، ڕێبوار حەمە شەریف، عامر سابیر، خالید مەجید، وریای رەسام، خدر سۆفیانی، کاوان قادر، ئارام حەسەن،سەلام سەعید، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود،عامر سابیر، توانا حەمە نوری، ژمارەیەک ژنی نارازی...

## دۆسیەی ژمارە "هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان"؟

## دوا وتە

# هەڵمەتی پێش وەختەی هەڵبژاردنەکان و راستییەکان لە زمانی خۆیانەوە...

عەبدوڵا مەحمود

لەگەڵ نزیک بوونەوە لە وادەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان، هەڵمەتی هەڵبژادنی حزبەکان بەتایبەتی پارتی و یەکێتی، بە هەمان تایبەتمەندی خۆیانەوە دەستی پێکردووە. دیارە هێشتا دیار نییە هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا دەکرێت یان لەناو دڵی ئاڵۆگۆرەکانی ناوچەکەو پێشهاتی ناچاوەروانکراو و ململانێی چاوەروانکراودا، دوا دەخرێت بۆ کاتی تر.

ئەوەی کە جێگای هەڵوێستەیە، بەر لە وادەی ڕێپێدراو بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانەوە، بە کردەوە هەڵمەتی هەڵبژاردن دەستی پێکردووە، بەڵام هەڵمەتەکە لە جێگای ئەوەی خستنە رووی پرۆژە و بەرنامەی کار و بەڵێنی چەند بارەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو بن، بانگەشەی "مژە خۆشەکان" بن... هەڵدانەوەی دۆسیە کۆنەکانی یەکترییە، هەڵدانەوەی کارنامەی تاوانکاری و خستنە رووی ئەو مەرگەساتانەیە کە حزبەکانی کوردستان بەتایبەتی پارتی و یەکێتی ئەنجامدەری بوون.

ئەوەی کە پارتی و یەکێتی وەکو دوو حزبی میلیشیایی و نۆکەر پیشە بە وڵاتەکانی ناوچەکە و ئەوەی کە بەرانبەر بە یەکتری و خەڵکی کوردستان ئەنجامیان داوە، زۆر گەورەتر و لە پێشتر لەهەر هەڵمەتێکە بۆ هەڵبژاردن. هەڵمەتی یەکتر سوک کردن، شکاندن، بێرێزی کردن، هێنانی جوێنی نوێی حزبی... هەڵدانەوەی کارنامەی یەکتری لەبەرانبەر بەخەڵکی کوردستان، کە ئەوانە هەموویان بەر لە هەڵمەتی هەڵبژاردن، هەڵمەتی خستنە رووی کارنامەیەکی نەنگینە، کە هیچ جێگایەک بۆ رەوایەتی بەشداری ئەو هێزانە ناهێڵێتەوە، و پوچی بانگەشەکانی دواتریان دەردەخات و لەوەشی زیاتر ئەوان دەخاتە بەردەم لێپرسینەوە.

هێزگەلێک کە بە بەڵگەی رۆشن لە زمانی سەران و میدیا رەسمیانەوە، کارنامەی پڕ شەرمەزاری یەکتری دەخەنە ڕوو... هەر بەو هۆکارە و بەهۆی ئەو تاوانکاریانەی کردویانە لەدزی و تاڵانی و نۆکەرایەتی و کوشتار و سەرکوت و برسیکردن و قاچاخچیتی و دەست خستنە ناو دڕندەترین هیزەکانی ناوچەکەو پیش لەشکری و شەری ناوخۆ و کوشتنی دیل و کردەوەی تیرۆریستی....تاد نەک نابێ مافی بەشداری لە هەڵبژاردنیان هەبێت، بەڵکو دەبێت لەسەر سەری کۆمەڵگە دوور بخرێنەوە. جیا لەوانە هێزگەلێک کە بایی سەرەدەرزییەک بەکردەوە بروایان بە

بۆ لاپەڕە 14

# بەشێنەیی...



بەشێنەیی
دەمرن بەڵام بەشێنەیی
ئەوی نە سەفەرێ بکا
نە کتێب بخوێنێتەوە
نە گوێ بۆ موزیک ڕادێرێ
نە بزانێ
شتی نوێ بدۆزێتەوە
دەمرن بەڵام بەشێنەیی
ئەوی شکۆی شکێنرابێ
ئەوی هەرگیز
یارمەتی کەسی نەدابێ
دەمرن بەڵام بەشێنەیی
ئەوی کۆیلەی نەریتێ بێ
ئەوی هەموو ڕۆژێ هەمان

ڕێگە ببڕێ
ئەوی هەرگیز
نە مامۆستاکەی گۆڕیبێ
نە ڕەنگی جل
ئەوی هەرگیز
غەریبێکی نەناسیبێ
دەمرن بەڵام بەشێنەیی
ئەوی ڕێگە
لە هەڵچوونی سۆزی بگرێ
ئاخر ئەوە تەنیا نیشاندانی سۆزە
لێ ناگەڕێ
ئەڤین بمرێ
دەمرن بەڵام بە شێنەیی
ئەوی خەمی لێ دەچۆڕێ
کەچی شوێنی خۆی ناگۆڕێ
ئەوی بۆ بەدیهێنانی
خەونەکانی
بەرەو ڕووی مەترسی ناچێ
ئەوی لە عومریدا جارێ


لە مۆچیاری یاخی نابێ
ئێستا بژی!
ئەمڕۆ سەرکێشی بنوێنە
خێرا دەستپێشخەری بکە
ڕێ خۆش مەکە
بۆ مردنی بە شێنەیی
خۆت لە شادی مەتۆرێنە
*

)*) هەندێک سەرچاوە بەهەڵە ئەم شیعرەیان بە هی (پـابـلـۆ نیروودا) لەقەڵەم داوە.

(**) مۆچیاری: ئامۆژگاری.

شیعری خاتوونەشاعیری بەرازیلی: مارتا مێدیرۆس

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: حەمەسەعید حەسەن




بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای رەسام